# الإطار القانوني للضريبة الاستقطاع المباشر بين القطاعين العام والخاص في العراق

توانا يوسف محمد
كلية القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، أربيل، العراق
Twanayousef3@gmail.com
الأستاذ المساعد الدكتور كمال أنور يابه
كلية القانون، جامعة صلاح الدين، أربيل
Kamal.yaba@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الضريبة , ضريبة الاستقطاع , القطاعين العام , القطاع الخاص , العراق

**كيفية اقتباس البحث**
محمد , توانا يوسف , كمال أنور يابه , الإطار القانوني للضريبة الاستقطاع المباشر بين القطاعين العام والخاص في العراق,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
**ROAD**

Indexed مفهرسة في
**IASJ**

# The Legal Framework of Direct Tax Deduction Between the Public and Private Sectors in Iraq

**Twana Yousif Mohammed**
**Faculty of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil, Iraq**
**Twanayousef3@gmail.com**

**Asst. Prof. Dr. Kamal Anwar Yaba**
**Faculty of Law, Salahaddin University, Erbil**
**Kamal.yaba@su.edu.krd**

**Keywords** : tax, withholding tax, public sector, private sector, Iraq

**How To Cite This Article**
Mohammed , Twana Yousif ,Kamal Anwar Yaba , The Legal Framework of Direct Tax Deduction Between the Public and Private Sectors in Iraq,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Research Abstract:**
This study explores the differences and disparities in the direct deduction of income tax (salaries, rents, and fees) for employees and workers in the public and private sectors in Iraq and the Kurdistan Region. It begins by defining tax, direct tax deduction, and its characteristics, followed by an examination of the legal framework and relevant guidelines in both Iraq and the Kurdistan Region, focusing on the differences in rates and percentages between the two systems.
The research highlights the inconsistencies in tax treatment between the public and private sectors within both Iraq and the Kurdistan Region and illustrates how these discrepancies also vary between the two

jurisdictions. Such differences contradict the principles of tax equity and the constitutional principle of equality as outlined in the 2005 Iraqi Constitution.
The study further analyzes the mechanisms and obstacles related to the implementation of tax deductions, assesses decisions and positions issued by the Council of Ministers and the Ministry of Finance, and addresses taxpayers' rights. Finally, the research offers suitable recommendations and proposals to resolve these disparities, enhance state revenues through taxation, and strengthen public trust in the tax system.

**ملخص البحث**

يتناول هذا البحث الفروقات والتفاوتات في الاقتطاع المباشر لضريبة الدخل (الرواتب، الإيجارات، الأتعاب) للموظفين والعاملين في القطاعين العام والخاص في العراق وإقليم كوردستان. يبدأ البحث بتعريف الضريبة والاقتطاع المباشر ومميزاته، ثم يتناول الإطار القانوني والتعليمات ذات الصلة في العراق والإقليم، مع التركيز على الاختلاف في النسب والمعدلات بين النظامين.

يسلط الضوء على التباين في المعاملة الضريبية بين القطاعين العام والخاص داخل كل من العراق والإقليم، ويُظهر كيف أن هذه الفروقات تختلف أيضاً بين العراق وإقليم كوردستان، وهو ما يُعد مخالفًا لمبدأ العدالة الضريبية ومبدأ المساواة المنصوص عليه في الدستور العراقي لسنة 2005.

كما يناقش البحث آليات ومعوقات تنفيذ هذا الاقتطاع، ويُقيّم القرارات والمواقف الصادرة عن مجلس الوزراء ووزارة المالية، بالإضافة إلى معالجة موضوع حقوق المكلفين بالضريبة. في الختام، يُقدّم البحث مقترحات وتوصيات مناسبة لمعالجة هذه التفاوتات، من أجل زيادة إيرادات الدولة وتعزيز ثقة المواطنين في النظام الضريبي.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# چوارچێوەی یاسایی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لە عێراق

توانا يوسف محمد

فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق

Twanayousef3@gmail.com

أ.م.د. كمال انور يابه

فاکەلتی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

Kamal.yaba@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە باس لە جیاوازی و نایەکسانی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر (مووچە، کرێ، دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات. توێژینەوەکە سەرەتا لە تێگە و پێناسەی باج و لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج و تایبەتمەندیەکانی ئەو باجە دەدوێت، پاشان چوارچێوەی یاسایی و ڕێنمایە پەیوەندیدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان و جیاوازی نرخ و ڕێژەکانیان لە دوو سیستەمەکە باس دەکات. تیشک دەخاتە سەر ئەو جیاکاری و نایەکسانییەی کە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەکرێن لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا ئەو جیاکاریە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لە عێراق بوونی هەیە و لە هەرێمی کوردستانیش بوونی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو جیاکاریانەی کە کراون لە عێراق و هەرێمی کوردستانی جیاوازن. کە ئەمە پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری باجە، وپێچەوانەی بنەمای دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە هەموو هاوڵاتیان یەکسانن لە بەردەم یاسادا. توێژینەوەکە هەروەها میکانزم و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردن ئەو لێبڕینە دەخاتەڕوو. هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ بڕیار و هەڵوێستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی، و پرسی مافەکانی باجدەران. لە کۆتایشدا پێشنیار و ڕاسپاردەی گونجاو پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو جیاکاریەی کە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت دەکرێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرزکردنەوەی داهاتی دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو باجە و بەرزکردنەوەی متمانەی هاوڵاتیان بەو جۆرە باجە.

وشەی سەرەکی: باج، باجی ڕاگرتن، کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت، عێراق

## ١ پێشەکی

باج يەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی کە وڵاتان بۆ دابینکردنی بوودجەی گشتی بەکاریدەهێنن و لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بە یەکێک لە میکانیزمە بنەڕەتییەکان دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە داهات لە تاک و کۆمپانیاکان کۆدەکرێتەوە. لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاڵپشتیکردنی ئابووریی نیشتمانی و گەیشتن بە سەقامگیری داراییی. سەرەڕای ئەمەش سیستەمی باج لە عێراقدا بەدەست ناتەباییەکی گەورەوە دەناڵێنێت لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، ئەمەش بەڕوونی لە عێراق و بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستاندا دیارە. هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی باقی عێراق سیستەمێکی باج پەیڕەو دەکات، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەنگە جۆراوجۆرە ئابووری و ئیدارییانەیە کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە. بەڵام ئەم سیستەمە بەدەست جیاوازییەکی بەرچاوەوە دەناڵێنێت لە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا، کە دەبێتە هۆی کاریگەری نەرێنی لەسەر تاک و کۆمپانیاکان. لە هەمان کاتدا دەستووری عێراق پرەنسیپی یەکسانی دیاری کردووە، کە مافی تاکەکان بۆ مامەڵەی دادپەروەرانە و یەکسان لە باجدا زامن دەکات. کێشەی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نایەکسانی لە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر ( مووچە و کرێ و دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا پێچەوانەی بنەمای یەکسانی دەستوورییە. لە کاتێکدا کە سیستەمی باج بڕیارە یەکگرتوو و دادپەروەرانە بێت، جیاوازییەکی بەرچاو لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجدا هەیە. دەتوانێت جۆرێک لە نادادپەروەری یان جیاکاری لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە دوو کەرتەکەدا کاردەکەن دروست بکات. ئەم نایەکسانییە نەک هەر کاریگەری لەسەر کرێ و مووچە و دەرماڵە هەیە بەڵکو پێشێلکاری بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی دەکات کە لە دەستووردا هاتووە.

ئەم تویژینەوەیە باس لە چوارچێوەی یاسای لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر (مووچە وکرێ و دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت دەکات لە عێراقدا، تێگەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج دەخاتەڕوو، ناساندنێکی گشتی لەبۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج و تایبەتمەندیەکانی ئەو باجە دەکات، پاشان چوارچێوەی یاسایی بۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج دەخاتە ڕوو، سیستەمی یاسای باجی عێراق و هەرێم شرۆڤەدەکات. یاسا و ڕێنمایی پەیوەندیدارەکان شی دەکاتەوە، هەلوێستی هەریەک لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییی لەسەر لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج دەخاتەڕوو. پاشان میکانزم و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەو لێبڕینە و

بەرپرسیاریەتی هەریەک لە کەرتی گشتی و تایبەت لەسەر ئەو لێبڕینە دەخاتەروو. لە کۆتایشدا دەرئەنجام و راسپاردەی گونچاو وەک چارەسەرێک دەخاتەروو.

### ١,١ گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە روونکردنەوەی ئەو جیاوازیەی کە لە لێبرینی راستەوخۆی باجی سەر (مووچە و کرێ و دەرمالە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت هەیە. ئەو جیاوازیە چۆن کاریگەریان لەسەر بەدەستهێنانی دادپەروەری باج هەیە. بە تێگەیشتن لەم جیاوازییانە و شیکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، دەتوانرێت پێشنیاری واقیعی بکرێت بۆ چاکسازی لە سیستەمی باج و باشترکردنی پراکتیکیەکانی لێبڕین بەگوێرەی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی. هەروەها ئەو توێژینەوە دەتوانێت بەشداربێت لە بەهێزکردنی مافی باجدەران و بەرزکردنەوەی متمانە بە سیستەمی باج.

### ١,٢ کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی جیاوازییەکی گەورە لە رێژەی لێبرینی راستەوخۆی باجی سەر ( مووچە و کرێ و دەرمالە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم نایەکسانییە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەدەستهێنانی دادپەروەری و یەکسانی باج هەیە، بەو پێیەی بڕیارە سیستەمی باج دادپەروەرانە بێت و بە یەکسانی بۆ هەموو هاوولاتیان جێبەجێ بکرێت. لە هەمان کاتدا ئەم نایەکسانییە پرسی مافەکانی باجدەران دەروژێنێت، چونکە تاکەکان هەست بە دادپەروەری ناکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ باجدا ئەگەر رێژەکان جیاوازییەکی بەرچاویان هەبێت.

### ١,٣ میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی شیکاری بە جۆرێک لەسەرەتادا وەسفی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە دەکات، کە پەیوەستن بە تێگەی لێبرینی راستەوخۆی باجی سەر (مووچە و کرێ و دەرمالەکان). پاشان شیکردنەوە بۆ چوارچێوەی یاسایی لێبرینی راستەوخۆی باج دەکات. بەرپرسیاریەتی هەریەک لە کەرتی گشتی و تایبەت شیدەکاتەوە. باس لە بنەمای یەکسانی لەبەردەم باج و جیاکاریکردن لە لێبرینی راستەوخۆ باج دەکات. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە دەکات بۆ دەقە یاساییەکان و رێساکانی پەیوەست بەم بوارە وهەڵهێنجان و دەرخستن دەکات بۆ گرنگترین بیروبۆچونەکان ولە شوێنی پێویستیش راوبۆچونی خۆمان دەردەبرین.

٢. تێگەیشتنی گشتی بۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.

ئەو بەشەمان تەرخانکردووە بۆ تێگەیشتنی گشتی بۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج. کە تیاییدا ئەو بەشە دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەرە. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە چییەتی باج دەکەین و لە تەوەری دووەم باس لە تێگەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج دەکەین:

٢,١ چییەتی باج.

باج ئەو برە پارەییە کە دەولەت بە شێوەیەکی زۆرەملێ دەیسەپێنێت بەسەر کەرتەکاندا بەبێ بەرامبەرێکی ڕاستەوخۆ تاوەکو بتوانێت لە ڕێگەیەوە داراییی گشتی پارەدار بکاتن، تاوەکو بتوانن لە ڕێگەی ئەو باجەوە تەمویلی خەرجیە گشتیەکانی پێبکەن. کە ئەو خەرجیە گشتیانە دەبنە هۆی بە دی هێنانی سودی گشتی

٢,١,١ تێگەی باج.

لەگەڵ فراوانبوونی ئەرکەکانی دەولەت و زیادبوونی بەرپرسیاریەتی ئیداری وئەمنی و دادوەری، خەرجیەگشتیەکانی ولاتیش لەگەڵیان زیادبوون. بەجۆرێک خەرجیە گشتیەکان زیادبوون کە زیادبوونەکەیان زۆرتربوو لە دەرامەتە گشتیەکان. ئەمەش وایکرد کە باج بکرێتە دەرامەتێکی سەرەکی ولاتان پشتی پێ ببەستن لە تێرکردنی خەرجیە گشتیەکان. هەرئەوەش وایکرد کە باج لە دەرامەتێکی ڕێزپەڕیەوە بکرێتە دەرامەتێکی ئاسایی و سەرەکی بۆ دەرامەتی دەولەت.

٢,١,١,١پێناسەی باج لەڕووی زاراوەیدا.

باج بە درێژای مێژوو پێناسەیەکی جێگیریی نەبووە، بەڵکو پێناسەکان کاریگەر بوون بە گوێرەی ئەو سەردەمەی کە باجەکەی پێدا ڕۆیشتووە. زانایانی بواری داراییی پێناسەیەکی زۆریان بۆ باج کردووە کە پێناسەکان جیاوازن لە ڕووی ڕوکارەوە بەلام هەموان هەمان تێگەیشتنیان هەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (الفحل، ٢٠١٦، لاپەڕەکان ١٥-١٦). باج پێناسەدەکرێت بەوەی( سەپاندنی برە پارەیەکی کاشە بە شێوەیەکی کۆتایی لە لایەن دەولەت و دامودەزگا گشتیەکانی دەولەت بەسەر تاکەکانیدا، کە هاوکاردەبێت لە هەلگرتنی قورساییە گشتیەکانی دەولەت، بەبێ ئەوەی کە لەبەرامبەر دانی ئەو باجە سودێکی تایبەتی پێبگات). ئەو پێناسەیەش زۆر نزیکە لەو پێناسەیەی کە زانای بەناوبانگ جاستون جیزی کردویەتی کە دەڵێت (سەپاندنی برە پارەیەکی کاشە لەلایەن دەسەلاتی گشتیەوە بەسەر تاکەکانیدا بە شێوەیەکی کۆتایی بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیە گشتیەکان) (حشیش ,١٩٨٣ ,١٦١).

٢,٢ چییەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەو باجەش جۆرێکە لە جۆرەکانی باجی دەرامەت، کە دەولەت دەیەوێت لە ڕێگەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر (مووچە و کرێ و دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت دەرامەتێک بۆ دەولەت دەستەبەر بکاتن. کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دامەزراوە گشتیەکانی دەولەت ئەو لێبڕینە لە موچەی فەرمانبەران ئەنجام دەدات، لە ڕێگەی خاوەنکار ئەو لێبڕینە لە کرێی کرێکارەکان ئەنجام دەداتن. لە کۆتاییشدا ئەو بڕە باجە پێشکەش بە دەستەی گشتی باج بەشی لێبڕینی ڕاستەو دەکرێ.

**٢,٢,١ تێگەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

ئەو باجەی کە خراوەتە سەر مووچە و ئەوانەی کە حوکمی مووچەیان هەیە زۆربەی ولاتان بە گوێرەی سروشتی ولاتی خۆیان ئەو باجەیان ڕێکخستووە. ئەو بڕە باجەی کەوا دەبڕدرێت لە دەرامەتی کەسەکاندا لە ئەنجامی کارکردنیاندا جا کارەکە چ کارکردن بێت بۆ کەرتی گشتی یان بۆ کەرتی تایبەت یان بۆ کەرتی تێکەلاو. دوای بەخشینیان لە لێخۆشبوونەکان و پالپشتیەکان و داشکاندنەکان و پێبەخشینە یاساییەکان بەگوێرەی ئەوەی کە یاسا دەقی لەسەرداوە بەگوێرەی یاساو ڕێنمایە بەرکارەکان. یاسادانەری عێراقی لە یاسای باجی دەرامەتی بەرکاردا هەلستاوە بە سەپاندنی باج بەسەر مووچە و کرێ و دەرمالەکان و بەخشراوەکان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو دەرامەتەی کە وەری دەگرن لە بەرامبەر ئەو کارەی کە کردویانە (عبود ٢٠٢١, ١-٧).

**٢,٢,١,١ پێناسە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج: پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئەو باجەیە کە دەبڕدرێت لە دەرامەتی مووچە و کرێ و دەرمالەکان لە کەرتەکانی دەولەت بە هەموو جۆرەکانیەوە کە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەلاوە. کە ئەو باجە لە لایەن خاوەنکارە دەبڕدرێت جا چ دامەزراوەی حوکمی بێت یان کۆمپانیاییەکی تایبەت بێت یان نوێنەری ئەو کەرتانەبێت، بە گوێرەی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان باج دەدرێت بە دەستەی گشتی باج. (سعید ١٩٧٨, ٢٥٨).

هەروەها دەکرێت لێبڕینی ڕاستەوخۆ بە باجی سەر مووچە و کرێ پێناسە بکرێت بەوەی کە (بڕە پارەیەکە کە دەولەت لە مووچە و کرێ و دەرمالەکان دەیبڕێت بەر لەوەی کە ئەو مووچە و کرێ و دەرمالەکان بدات بە باجدەرەکە. ئەگەر سنوری تێپەڕاندبوو لەوەی کە یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان دیاریان کردووە. (طلال عباس عزیز، فائزة ابراهیم محمود الغبان ٢٠٢٢, ٢٦٤) ڕێنمای ژمارە ٢٠ سالی ٢٠١٧ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەم شێوەیە پێناسەی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرامەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت دەکات کە باج دەسەپێندرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر دەرامەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە ماوەی سالی داراییی بە گوێرەی

ئەو پەیرەوە. باجی سەر مووچە وکرێ پێناسە دەکرێت بەوەی (باجێکە بە شێوەی بنەرەتی لەسەر کۆی ئەو دەرامەتە دەسەپێندرێت کە کەسێک لە بەرامبەر ئەو کارەی کە بۆ کەسانی دیکە دەیکات لەژێر چاودێری و ئاراستەی کەسانی تر دەیکات. ئەمەش لە ئەنجامی گرێبەست دروست دەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یان بەهۆی پێگەی یاسای دروست دەبێت کە دەبێتە فەرمانبەری دەولەت (مظهر الهادي عباس ، صبيحة برزان فرهود ٢٠٢٢).

**٢,٢,١,٣ تایبەتمەندیەکانی لێبرینی ڕاستەوخۆی باج.**

لێبرینی ڕاستەوخۆی باج جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە جیاوازن لە باجەکانی تردا، هەولدەدەین لە خوارەوە ئەو تایبەتمەندیانە بە کورتی شی بکەینەوە بۆ ئەوەی زیاتر باجی لێبرینی ڕاستەوخۆ بناسین:

٢,٢,١,٣,١ **باجێکی ڕاستەوخۆیە:** واتە خاوەن مووچەکە یان خاوەن کرێیەکە خودی خۆی بارگرانای ئەو باجە هەلدەگرێت و ئەو بارگرانایيە ناگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر. (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ٢٠١٥).

٢,٢,١,٣,٢ **باجێکی کەسیە یان نیمچە کەسییە.** لێبرینی ڕاستەوخۆی باج لە بنەرەتدا باجێکی عينيە(ماديە). واتە بێ گوێدانە بارودۆخی کەسی باجدەرەکە بەسەر دەرامەتی باجدەرەکە دەسەپێندرێت. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا یاسادانەر کۆمەڵێک توخمی بەو باجە داوە کە دەتوانین بلێین باجێکی مادی نیە، بەلکو باجیکی کەسی یان نیمچە کەسیە. (سعد ١٩٧٨, ٢٥٩).

٢,٢,١,٣,٣ **لێخۆشبوونی باجی.** یاسا خۆی ڕێگەی داوە کە بەشێک لە دەرامەتەکە لێخۆشبوونی لەبۆ بکرێت لە باج کە بەشێک لە دەرامەتەکان باجیان نەکەوێتەسەر، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە بارگرانای خێزانەوە هەیە (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ٢٠١٥, ١٠).

٢,٢,١,٣,٤ **کەمکردنەوەی ئەگەری خۆدزینەوە لە دانی ئەو باجە.** چونکە ئەو باجە لە سەرچاوەکەیەوە دەبردرێت بەر لەوەی ئەو دەرامەتە بگاتە دەستی باجدەر. (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ٢٠١٥, ١١).

٢,٢,١,٣,٥ **باجێکە دەکەوێتە سەر دەرامەتی کار.** ئەو باجە دەکەوێتە سەر دەرامەتی (مووچە و کرێی و دەرمالەکان ) کە دەرئەنجامی ئەو کارەیە کە فەرمانبەر یان کرێکار دەیکات بۆ کەرتی گشتی یان تایبەت یان تێکەلاو (طلال عباس عزيز، فائزة ابراهيم محمود الغبان ٢٠٢٢, ٢٦٤).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

**٢,٢,١,٣,٦ باجێکە کە نرخی باجەکەی ساڵانەیە، بەلام کۆکردنەوەکەی مانگانەیە.** ئەوەی کە باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ جیادەکاتەوە لە هەموو باجەکانی تردا ئەوەیە کە دیاریکردنی ئەو باجە وەک هەموو باجەکان لەسەر بنەمای ساڵانە دیاری دەکرێت. بەلام ئەو باجە مانگانە کۆدەکرێتەوە نەک ساڵانە کۆ بکرێتەوە. (سعد ,١٩٧٨ ,٢٥٩).

**٢,٢,١,٣,٧ باجێکی پلەبەندیە.** ئەگەر دەرامەتەکان زیادیان کرد ڕێژەی لێبڕینی باجی ڕاستەوخۆش زیاد دەکات، بەلام ئەگەر هاتوو دەرامەتەکان کەمیانکرد ڕێژەی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆش کەم دەکات. (طلال عباس عزيز، فائزة ابراهيم محمود الغبان ,٢٠٢٢ ,٢٦٤).

**٢,٢,١,٣,٧ باجێکی جۆریە.** لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بەسەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەرامەت دەسەپێندرێت وەک دەرامەتی مووچەو کرێ (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ,٢٠١٥ ,٨).

**٢,٢,١,٣,٩ باجێکە لە سەرچاوەکەیەوە دەبردرێت.** ئەو لایەنەی کە مووچەکە دەدات یان ئەو لایەنەی کە کرێی کرێکارەکە دەدات وەک خاوەنکار یان دامەزراوەکانی دەولەت ئەو لایەنانە ڕاستەوخۆ باجەکە لە دەرامەتەکە دەبرن. (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ,٢٠١٥ ,١١).

**٢,٢,١,٣,١٠ ئاسانی لە دیاریکردنی ئەو دەرامەتانەی کە دەکەونە ژێرباری لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.** هۆکاری ئەوەی کە دەتواندرێت بە ئاسانی ئەو دەرامەتانە دیاری بکرێن، ئەوەیە کە خودی یاساکە هەلستاوە بە دیاریکردنی ئەو دەرامەتانەی کە باجیان دەکەوێتە سەر و ئەو لایەنانەشی دیاریکردووە کە باجەکە دەدەن. (والشريف ,٢٠٠٢ ,٣٨).

**٢,٢,١,٣,١١ پشتبەستن بە بنەمای جیاکاریکردن لە ژمێریای باج.** بنەمای بنەڕەتی ئەو باجە ئەوەیە کە ئافرەت و پیاو بە جیا مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت. کاتێک کە باجەکانیان لەبۆ حساب دەکرێت. (صبري ,٢٠١٨ ,٣٨٤).

**٢,٢,١,٣,١٢ گونجاوی لە کۆکردنەوەی باجەکەدا.** باجەکە مانگانە لەلایەن خاوەنکار یان دامەزراوەی دەولەت لە دەرامەتی باجدەر دەبردرێت پێش ئەوەی کە فەرمانبەر یان کرێکار مووچە و کرێکانیان وەربگرن (شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش ,٢٠١٥ ,١٠).

**٣. چوارچێوەی یاسایی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە عێراق.**

چوارچێوەی یاسایی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە عێراق. پشت دەبەستێت بە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢، کە ئەو یاساییە هەلستاوە بە ڕێکخستنی چۆنیەتی سەپاندنی باج

بەسەر داهاتی تاکەکاندا، لە ڕووی لێبڕینی ڕاستەوخۆ کە لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە یان لە ڕێگەی خاوەن کارەوە ئەو لێبڕینە ئەنجام دەدەرێت

**٣,١ یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە عێراق.**

بۆ گەیشتنمان بە چوارچێوەی یاسایی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ، دەبێت ئاماژە بەو یاسا و ڕێنماییە پەیوەندی دارەکان بە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج کە لە عێراق بکەین.

**٣,١,١,١ لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج لە ڕوانگەی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ساڵی ١٩٨٢.**

یاسای بنەڕەتی بۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج، یاسای باجی دەرامەتی ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢وە. کە ئەو یاساییە بە بنەماو بناغە دادەندرێت بۆ دیاریکردن ڕێژەی باج و چۆنیەتی سەپاندنی باج بەسەر داهاتی تاکەکاندا. یاسادانەری عێراقی لە برگەی (پێنجی)ی ماددەی(٢)ی یاسای باجی دەرامەتی بەرکار، سەپاندنی ئەو باجەی سنوردارکردووە بەسەر مووچەو پاداشت و کرێ و دەرماڵەکان و تەرخانکراوەکان بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت. کرێکارانی کەرتی تایبەت (هەموو کرێ و دەرماڵەکان و تەرخانکراوەکان جا چ کاش بن یان کاش(نقدی) نەبن وەک خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و گواستنەوە و خواردن خزمەتگوزاری کرێ هەموو ئەوانە بە یەکەوە حساب دەکرێن و لێبڕینی لەسەر ئەنجام دەدەرێت). واتا بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت مووچەی گشتی هەژماردەکرێت بۆ ئەو لێبڕینە. بەلام فەرمانبەرانی دەولەت جا چ ئەوانە بن کە لە کەرتی گشتی کاردەکەن یان ئەوانە بن کە لە کەرتی نیمچە گشتی یان تێکەلاو کاردەکەن ڕێزپەرکراون لە مووچەی گشتی ئەو لێبڕینەیان لەسەر مووچەی گشتی بۆ ناکرێت. هەر لە برگەی(٥)ی ماددەی (٢)ی ئەو یاساییە دەڵێت ئەو باجە دەسەپێندرێت بەسەر هەموو (مووچە و مووچەی خانەنشینی و دەرماڵەکان و تەرخانکراوەکان جگە لەوانە نەبێت کە کاردەکەن لە کەرتی گشتی و شۆشیالیستی نیمچە گشتی و تێکەلاو). کە ئەمەشیان مانای ئەوەیە کە یاسادانەری عێراقی لەیاسای باجی داهاتدا جیاکاری کردووە لە نێوان باجدەرانی کەرتی گشتی و باجدەرانی کەرتی تایبەت.

**٣,١,١,٢ لێبڕینی ڕاستەخۆی باج لە ڕوانگەی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوکو کۆتای ساڵی ٢٠٠٧.**

دوای ئەو گۆرانکاریانەی کە عێراق بەخۆیەوە بینی لە ٢٠٠٣/٤/٩ کە تیادا عێراق کۆمەڵێک گۆرانکاری گەورە لە ڕووی یاساو ڕێساو ڕێنمایەکانەوە بەخۆیەوە بینی. دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی هەلستا بە دەرکردنی فەرمانێک بە ژمارە (٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ کە تیادا هەلستا بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەمواركردنەوەی برگەی (٥)ی ماددەی (٢) یاسایی باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی سالی ١٩٨٢، کە لەو فەرمانە بریایدا بە فەرمانبەرانی دەولەت جا چ ئەوانە بن کە لە کەرتی گشتی کاردەکەن یان ئەوانە بن کە لە کەرتی تێکەلاو کاردەکەن، هەموو ئەوانە هاوشێوەی فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی تایبەت پابەند دەبن بۆ یاسای باجی داهات. ئەمەشیان لە پێناو هێنانەدی (بنەمای گشتیە) کە هەموو کەرتەکان و هەموو کۆمەلگای عێراقی بە شێوەیەکی یەکسان دەبێت بارگرانایی باج لە ئەستوی خۆیان بگرن. بۆ ئەو مەبەستەش لە نیسانی سالی ٢٠٠٤وە کە رێنمای لێبڕینی راستەوخۆ بۆ سالی ٢٠٠٤ دەرچوو کە لە برگەی (٤) ئەو رێنماییە دەقی دابوو لەسەر (( باجی دەرامەت لە ١ی جۆزەردانی ٢٠٠٤ جێبەجێ دەکرێت لەسەر مووچە و کرێی مانگانەو هەفتانە ورۆژانە و ئەو دەرمالانەی کە دراون بەو کەسانەی کە کاردەکەن لە کەرتی تایبەت و تێکەلاو ئەو دامەزراوانەی کە مولکی دەولەتن)). ئەو ماددەیە بە روونی دەقی داوە لەسەر هەلوشاندنەوەی ئەو لێخۆشبوونانەی کە یاسادانەر لە یاسای باجی دەرامەتی سالی ١٩٨٢ دەری کردبوو بۆ کرێکار و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تێکەلاو، بەهەمان شێوە رێنمای لێبڕینی راستەوخۆی سالی ٢٠٠٥ و رێنمای لێبڕینی راستەوخۆی سالی ٢٠٠٧ هەردووکیان تاکیدیان لەسەر هەمان بابەت کردووەتەوە. هەر لە ماددەی (١) رێنمای لێبڕینی راستەوخۆی باج ژمارە(١) سالی ٢٠٠٧ دەقی داوە لەسەر (( باج بە شێوەی لێبڕینی راستەوخۆ دەسەپێندرێت بەسەر داهاتەکانی (مووچە و کرێ و دەرمالەکان ) کە بەدەست دەهێندرێن لە ماوەی سالی داراییدا وە مەبەستیش لەو کەسانە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کاردەکەن بە کرێ یان بە مووچە لە لایەن دامودەزگاکانی دەولەت یان لە کەرتی گشتی یان تێکەلاو یان تایبەت)).

بەلام لە روانگەی پراکتیکیەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە سالی ٢٠٠٤ەوە زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەت کاریان بە لێبڕینی راستەوخۆ نەکردووە. کە بە گوێرەی ئەو فەرمانەی کە دەرچووە دەبوایە لێبڕینەکە کۆی گشتی مووچەی بگرتبایەوە. بەلام زۆربەی وەزارەتەکان ئەو لێبڕینەیان هەرنەکردووە ئەوەی کردوویانەش تەنیا مووچەی بنەرەتیان هەژمارکردووە و مووچەی گشتیان هەژمارنەکردووە. ئەو پرسە بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو سالی ٢٠٠٨ لەوسالەدا بەرزکرایەوە و خرایە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران (عبود ٢٠٢١, ٢).

**٣,١,١,٣ یاسای هەمواركردنەوەی جێبەجێکردنی یاسایی باجی داهات ژمارە (١١٣)ی سالی ١٩٨٢ هەمواركراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.**

هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی سیستەمی باجدا، تا رادەیەکی باش سەربەخۆی هەیەو سیستەمی جیاواز پەیرەو دەکات بە راورد بەوەی کە لە بغدا هەیە، بە گوێرەی ماددەی (١٢١)

دەستوری هەمیشەی عێراقی سالی ٢٠٠٥، ئەو مافە دەستووریە دراوە بە هەرێم بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بتوانێت یاسای جێبەجێکاریان بۆ دەربکات. بۆ ئەوەی یاساکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە شێوەی عەرفی (وشەی) وەرنەگرێت و جێبەجێی بکاتن، هەروەها پالپشت بە ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، هەرێمی کوردستان–عێراق، لێبرینی ڕاستەوخۆ باج لە سەر دەرامەتی مووچە و کرێ و دەرمالەی فەرمانبەران و کرێکارەنی جێبەجێ دەکات، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٦) سالی ٢٠٠٧ی یاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموارکراوی هەرێمی کوردستان–عێراق. کە ئەو یاساییە لە ڕۆژنامەی وقایعی هەرێمی کوردستان بلاوکرایەوە بە ژمارە ٧٧ لە بەرواری ٢٠٠٧/١٢/٢٥. لە برگەی (چواری)ی ماددەی (٤)ی ئەو یاساییە بڕیاردرا بەوەی کە کارکردن رابگرن بە برگەی (٢) ماددەی (١٣) یاسایی باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی سالی ١٩٨٢هەموارکراوی هەرێمی کوردستان. بەلکو برگەی (پێنج)ی ئەو ماددەیە شوێنی گرتەوە. ( باج دەسەپێندرێت بە ڕێژەی ٥٪ بەسەر مووچە و کرێی هەموو فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت کە لە هەر پلەیەکی وەزیفی دابن، بەو مەرجەی کە مووچەکانیان لە حەوسەت هەزار زیاتربێت). بەلام لە یاسای ژمارە (٢٠)ی سالی ٢٠١١ یاسای یەکەم هەمواركردنی جێبەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی سالی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان–عێراق. برگەی (چوار)ی ماددەی (٤)ی ئەو یاساییەیان هەمواركرد، بە گوێرەی هەموارەکە ( بە ڕێژەی ٥٪ باج بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هەرێمدا دەسەپێندرێت کە مووچەیان لە ملیۆنێک دینار بۆ تێکڕایی پلەکانی فەرمانبەریەتی و کەرتی تایبەت زیاترە کە بە فەرمی تۆمارکراون وخاوەن پۆست و پلەی وەزیفی تایبەتن). ئەگەر بەراوردی بکەین بە کۆتا هەمواری عێراق کە لە سالی ٢٠٠٨ کرا، ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو داهاتانەی کە باجیان دەکەوێتە سەر تا ئاستێکی یەکجار زۆر جیاوازی کردووە، ئەگەر سەیر بکەین لە عێراق ١٥٪ دەسەپێندرێت بەسەر داهاتی ئەو کەسانەی کە دەرامەتیان دەگاتە سەرووی دوو ملیۆن دینار بەلام لە هەرێم بەگوێرەی کۆتا هەموار و بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢) سالی ٢٠١٧ هەر فەرمانبەرێک مووچە و کرێکەیان لە ملیۆنێک دینار زیاتر بێت جا هەرچەندێک بێت تەنیا ٥٪ لێبرینی ڕاستەوخۆی باجی لەسەر دەکرێت. کەواتە فەرمانبەرێک لە حکومەتی فیدرالی ئەگەر مووچەکەی گەیشتە دوو ملیۆن دینار ئەوە ١٥٪ لێبرینی لەسەر دەکرێت بەلام فەرمانبەرێک لە حکومەتی هەرێم ئەگەر هەمان ڕێژەی داهاتی هەبێت ئەوا ٥٪ لێبرینی لەسەر داهاتی دەکرێت. کە ئەمەشیان پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری باجە.





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**٣,١,٢ بريار و هەلویستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی لەسەر لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

هەرچەندە لەگەڵ دەرچوونی ڕێنمای لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٧، بەلام لە دوای سالی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی چەندین بریار و هەلویستیان نواندووە، لەسەر ئەو لێبڕینەی کە پێویست بوو لە مووچە و کرێ و دەرمالەی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت بکرێت.

**٣,١,٢,١ هەلویستی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج.**

لەماوەی سالی ٢٠٠٨دا، زیادبوونێکی بەرچاو هەبوو لە قەبارەی مووچە و پاداشتی سالانەی فەرمانبەران ودەرمالەکانیان. بەتایبەتی ئەو دەرمالانەی کە دران بە فەرمانبەران بەهۆی دەرچوونی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠٠٨. کە ئەو یاساییە وایکرد کە دەرمالەکان بگەنە ئاستی مووچەی فەرمانبەران یان شتێک کەمتر. لە ٢٠٠٨/١/١ ئەو یاساییە بە بەرکار دادەندرێت. بەهۆی زیادبوونی دەرامەتی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تێکەلاو وەزارەتی دارایی لە هەولدابوو کە ڕێنمای لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی ژمارە (١) سالی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکات. بەلام ئەوەی گرنگە بەر لەوەی ئەو یاساییەی سەرەوە پەسەند بکرێت سەرۆک وەزیران بریارێکی دەرکرد و هەلویستێکی تری هەبوو، سەبارەت بە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.

**٣,١,٢,١,١** نوسراوێک لەلایەن ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە ق/٢/١/٢١/٧٧٤٩لە (١٣)ی مانگی (٤)ی ٢٠٠٨ دەرچوو. ئەو نوسراوە ئاماژەی بە بریاری سەرۆک وەزیران دەکرد. کە تیادا سەرۆک وەزیران بریاریدا بە لێخۆشبوون بۆ فەرمانبەرانی دەولەت لەوەی کە باج بکەوێتە سەر دەرمالەکانیان ئەو بریارەش چووە بواری جێبەجێکردن لە ٢٠٠٨/٦/١ەوە. بەو مەرجەی کە بنوسرێت و تسبیت بکرێت لە پرۆژەی بوجەی تەواوکاری. زۆربەی فەرمانگەکانی دەولەت کاریان بەو نوسراوە کرد. بەلام ئەو بریارەی سەرۆک وەزیران سەرپێچی بنەمای یاسایی باج بوو و نەدەگونجا لەگەڵ ئەحکامی برگەی(١) ماددەی (٢٨)ی دەستوری کۆماری عێراقی سالی ٢٠٠٥. کە ئەو دەستورە بە ڕوونی دەقی لەسەر ئەوە داوە کە دەلێت ((باج و میرانە ناسەپیندرێن و هەموارناکرێنەوە و لێخۆشبوونیشیان تیا ناکرێت مەگەر بە یاسا نەبێت)). بریارەکەی سەرۆک وەزیران عیباربوو بە عەیبێکی گەورە کە لە بریارەکەیدا دەستدرێژی دەکردە سەر دەسەلاتی ئەنجومەنی نوێنەران؛ چونکە دەسەلاتی لێخۆشبوون لە باج دەسەلاتی دیاریکراوی ئەنجومەنی نوێنەرانە ئەو دەسەلاتەش بە دیاریکراوی دراوە بە دەسەلاتی

یاسادانان. لەلایەکی تریشەوە دەبوایە ئەو لێخۆشبوونە لە پرۆژەی بوجەی تەواو کاریدا بنوسرێت و تەسبیت بکرێت. بەلام نەنوسرا و تەسبیت نەکرا چونکە ئەو بوجە تەواوکاریە لە ١٥/٩/٢٠٠٨ نەشرکرا هیچ دەقێکی تیانەبوو لەسەر ئەو لێخۆشبوونە.

هەروها ماددەی (٦١)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(١١٣)ی سالی ١٩٨٢ دەقی داوەکە دەلێت(بۆ وەزیر و ئەو کەسەی کە لە شوێن وەزیرە بۆیان هەیە بەیاننامە یان رێنمای دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ئەو یاساییە، کە باس لە سروشتی ئەو مووچە وکرێ ودەرمالانە دەکات کە لێبرینی راستەوخۆیان لەسەر دەکرێت). مادام یاسا مافی بە وەزارەتی دارایی داوە کە رێنمای دەربکات بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ئەو یاسایە کە لە سالی ٢٠٠٧ رێنمای پێویست دەرکراون، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد کە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بریارە دەربکات.

لە لایەکی ترەوە ئەو نوسراوە تەنیا لێخۆشبوونی دەرکردبوو بۆ دەرمالەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە لایەن سەرۆک وەزیران کە لە یاسای بوجەی تەواکاریدا ئاماژەی پێبکرێت. شتێکی گونجاو نیە و ناگونجێت لەگەل سیاسەتی یاسایی؛ چونکە بابەتی لێخۆشبوون پێویستی بەوە هەیە کە بە یاسا رێکبخرێت. بەلام باسکردنی لە یاسای بووجەی تەواوکاریدا گونجاو نیە؛ چونکە یاسای بوجەی تەواوکاری خۆی بۆ مودەیەکی کورتە کە تەمەنی ئەو یاساییە تێپەرناکات لە چەند مانگێکی سالی دارایی.

لە لایەکتریشەوە لێخۆشبوون لە سەر دەرمالەکان تەنیا بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەبێ فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی تایبەت. خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی بنەمای یەکسانی بەردەم باجە. لەبەر ئەوەی کە فەرمانبەر و کرێکارانی کەرت گشتی و تایبەت هەردووکیان بە یەک واقیعە داهات پەیدا دەکەن بۆیە هیچ بیانوێکی گونجاونیە تاوەکو جیاوازی لە نێوانیاندا بکرێت.

ئەو نوسراوەی کە لە لایەن سەرۆک وەزیران دەرچوو بووە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەکانی دەولەت، ئەو لێبرینەیان تەنیا لەسەر مووچەی بنەرەتی دەکرد بە دەر لە دەرمالەکان و تەرخانکراوەکانی تر.

**٣,١,٢,١,٢** هەروها ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٦/٦/٧ نوسراوێکی دەرکرد بە ژمارە (١٥٦) تیادا ئاماژەی بەوە کرد کە (هەموو موچە و کرێ و دەرمالەکان و پاداشتەکان و تەرخانکراوەکان دەکەونەبەر لێبرینی راستەوخۆ). بەلام ئەو نوسراوە رێزبەرێکی کرد بۆ دەرمالەی هاوسەرگیری و مندال و لەگەلیشیدا رێزبەری کرد بۆ ئەو کەسانەی کە خزمەت دەکەن لە هێزی سەربازی لە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی بەرگری. بەلام تەنیا ئەو کەسانەی دەگرتەوە لە لەو دوو وەزارەتە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کاردەکەن بە سیفەتی سەربازی ئەو کەسانەی نە دەگرتەوە کە بە سیفەتی شارستانی لەو دوو وەزارتە کاردەکەن.

بە بۆچوونی ئێمە بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی قەیرانی دارایی دەرچوو کە نرخی نەوت لەو سالەدا زۆردابەزی و لەلایەکی تر لە عێراق لە شەردابوو لەگەل ڕێخراوی تیرۆرستی داعشدا. ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری کرد گەڕانەوە بوو بۆ برگەی(٥) ماددەی(٢) یاسای باجی داهات، بەلام ئەو بڕیارە لە دوو شوێندا سەرپێچی یاسایی تیابوو.

**٣,١,٢,١,٢,١** لێخۆشبوون بۆ دەرمالەی خێزان و دەرمالەی مندال کە باجی داهات بەسەر ئەو دوو دەرمالەیدا نەسەپێندرێت. خۆی ئەوە پێچەوانەی برگەی(٥)ی ماددەی(٢) یاسای باجی داهاتە چونکە ئەو برگەیە بە شێوەیەکی ڕەها دەلێت (باج بەسەر دەرمالەکان دەسەپێندرێت). جیاوازی لە نێوان هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی دەرمالەی نەکردووە کە ئەمەشیان بە ڕوونی دیارە.

**٣,١,٢,١,٢,٢** ڕێزپەرکردنی هێندێک لە هێزەکانی سەربازی لەو باجە و ڕێزپەرنەکردنی هێندێکی تریان ئەمەشیان سەرپێچی تیایە. کە یەکەمیان ناکرێت لەسەر حسابی گروپێک گروپێکی تر لێخۆشبونیان لەبۆ بکرێت. لە لایەکت ترەوە ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاتی لێخۆشبوونی باجیان نیە بەلکو ئەو دەسەلاتە دەسەلاتی ئەنجومەنی نوێنەرانە نەک ئەنجومەنی وەزیران.

**٣,١,٢,١,٣** ئەنجومەنی وەزیران پاشگەزبوویەوە لە بڕیارەکەی و کارەکانی ڕاگرت بە نوسراوی سکرتێریاتی گشتی بە ژمارە (١٤٧٨) کە لە ٢٠١٦/١٠/٢٣ دەریانکرد و کارکردنیان بە بڕیاری ژمارە(١٥٦) ڕاگرت کە لە ٢٠١٦/٦/٧ دەرچوو بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی فرمانگەکانی دەولەت دەرفەتی ئەوەیان بۆ دروست نەبێت. کە بتوانن بنکەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ فراوان بکەن. کە لێبڕینەکە مووچەی گشتی بگرێتەوە. بەگوێرەی ئەو فەرمانەی کە دەرچوو و پاشگەزبوونەوە. لە فەرمانی ژمارە(١٥٦) ئەو دەرفەتەیان لە دەست چوو جگە لە هێندێک وەزارەت کە توانیبویان بنکەی لێبڕین فراوان بکەن بەر لە نوسراوەکەی ئەنجومەنی وەزیران. کە لێبڕینیان لەسەر کۆی گشتی مووچە کردبوو نەک تەنیا لەسەر مووچەی بنەڕەتی. وەک وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی.

**٣,١,٢,٢ هەلوێستی وەزارەتی دارایی لەسەر لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

وەزارەتی دارایی هەولیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. تاوەکو بتوانێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری کێشەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر دەرامەتی مووچە و کرێ و دەرمالەی

فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تێکەلاو تایبەت بکاتن. بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دارایی چەندین نوسراویان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد.

**٣,١,٢,٢,١** وەزارەتی دارایی هەلیدا چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، کە فەرمانبەری کەرتی گشتی هاوشێوەی کەرتی تایبەت پابەند بکات بە دانی ئەو برە باجە. بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی دارایی نوسراوێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد بە ژمارە(٨٨٠) کە تیادا لەو نوسراوەدا داوای کرد (لێبڕینی ڕاستەوخۆ لەسەر مووچەی گشتی فەرمانبەران بکرێت. کە مووچەی گشتی کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرمالەکان و هاندانەکان و قازانجی مانگانە و سالانە وهەموو شێوەکانی تری داهات بگرێتەوە). وەزارەتی دارایی لە نیسانی سالی ٢٠٢١ ئەو داواکاریەی نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران. تیادا لە نوسراوەکەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران داواکاریەکی تریشی دەکرد. کە لێبڕین بۆ هەرسێ مانگەکانی ڕێبەندان و ڕەشەمێ و نەورۆز بکرێت کە بە شێوەی قیست لە مانگەکانی داهاتوو ئەو لێبرنەیان لێوەربگیردرێتەوە. واتا لە مانگی گولان(٤) داوای لە ئەجومەنی وەزیران کرد کە لێبڕینەکە کۆی گشتی مووچە بگرێتەوە لە لەگەلیشیدا داوایەکی تری هەبوو کە ئەوە لێبرنە بە کاریگەری گەڕانەوە بگەڕێتەوە بۆ مانگەکانی ڕێبەندان و ڕەشەمێ و نەورۆز بەلام لێبرینی ئەو سێ مانگە بە شێوەی قیستی مانگانە لە مانگەکانی داهاتوو لە فەرمانبەران وەر بگرینەوە. وەزارەتی دارایی ئەو نوسراوەی لە سالی ٢٠٢١ کرد و لە نوسراوەکەیدا پشتی بەشتبوو بە ڕێنمای دارایی سالی ٢٠٠٧ کە ئەو ڕێنمایە تایبەت بوو بە لێبرینی ڕاستەوخۆ. کە فەرمانبەران ناچاردەکات بە دانی باج بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

بەلام چەند سەرەنجێکمان هەیە لەسەر نوسراوەکەی وەزارەتی دارایی:

**٣,١,٢,٢,١,١** وەزارەتی دارایی لە گولانی سالی ٢٠٢١. داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کرد کە لێبڕینی ڕاستەوخۆ لەسەر مووچەی گشتی فەرمانبەران بکرێت. وە لەگەلیشیدا ئەو لێبرینە بە کاریگەری گەڕانەوە بگەڕێتەوە بۆ مانگەکانی ڕێبەندان و ڕەشەمێ و نەورۆز. کە بە شێوەی قیست ئەو لێبرینە لە مانگەکانی دوای مانگی گولان وەربگیردرێت. بەلام لە ڕووی یاساییەوە کارکردن بە باج بە شێوەی اثری رجعی(گەڕانەوە بۆ دواوە) ناگونجێت لەگەل برگەی (٩)ی ماددەی (١٩) دەستوری کۆماری عێراقی سالی ٢٠٠٥. کە دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە(" ناکرێت بۆ یاساکان بگەرێنەوە بۆ دواوە مەگەر یاساکە خۆی دەقی لەسەر گەڕانەوە دابێت بەلام ئەو ڕێزپەرە بۆ یاسای باج و میرانە نابێت)".

**٣,١,٢,٢,١,٢** سەپاندنی باجی داهات لەسەر مووچەی گشتی یەکدەگرێتەوە لە گەل برگەی (٥)ی ماددەی (٢) یاسای باجی دەرامەتی سالی ١٩٨٢. دەبوایە وەزارەتی دارایی لە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نوسراوەکەی خۆیدا ئاماژەی بەو مادده یاساییە بکردبا، نەک ئاماژەی بە ڕێنمای دارایی بکردبا، چونکە سەرچاوەی پابەندبوون بە باج یاساییە نەوەکو ڕێنمای و بڕیاری کارگێڕی. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت خودی ئەو ماددەیە عیبدارە چونکە جیاوازی کردووە لە نێوان فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. دەبوایە داوای هەموارکردنەوەی ئەو مادده یاساییەی بکردبا لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران.

**٣,١,٢,٢,٢** وەزارەتی دارایی لە هەولێکی دیکەیدا پەنای برد بۆ برگەی (ج)ی ماددەی (٣٤) یاسای بووجەی گشتی بۆ سال ٢٠٢١، کە پێشتر ڕۆژنامەیەکی عێراقی بە ژمارە(٤٦٢٥) لە ٢٠١٢/١٢/٤ بلاویکردبویەوە. هەلستا بە هەلوشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبوونەکان و باج و ڕێژپەرەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران دەرکرابوون. بەلام لە یاسا کارپێکراوەکان دەقیان لەسەر نەدرابوو. بەلام سەرنجمان هەیە لەسەر ئەو نوسراوەش، کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە. باشتردەبوو وەزارەتی دارایی لە نوسراوەکەی خۆیدا پشتی ببەستبا بە برگری (٥) ماددەی (٢) یاسای باجی داهات لە بری پشت بەستن بە یاسای بوجەی گشتی؛ چونکە یاسای بوجەی گشتی یاساییەکی سەربەخۆیە لە یاسای باجی دەرامەت. چونکە ئەو بابەتەی کە وەزارەتی دارایی نوسراوی بۆ دەرکردووە بە تەواوی بابەتێکی باجیە و مەیدانی باجیش یاسای باجی دەرامەتە نەک یاسای بوجەی گشتی.

ئەگەر سەرنجی ئەو دەقەش بدەین کە لە یاسای بودجەی گشتی داهاتووە و وەزارەتی داراییی لە نوسراوەکەیدا پشتی پێ بەستووە دەقێکی عیبدارە. لەبەر ئەوەی بە گوێرەی تێگەیشتنی پێچەوانە ئەو دەقە ڕێگە دەدات ئەو لێخۆشبوونانەی کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەرچوون بەردەوام بن ئەگەر لە یاساکان ئاماژەیان پێبکرێت. بەلام ئەو بەردەوام بونە و لێخۆشبوونەش ناگونجێت لەگەڵ سروشتی دەستوری کۆماری عێراقی سالی ٢٠٠٥ چونکە لێخۆشبوونەکان دەبێت بە گوێرەی یاسا بکرێن نەوەک لەسەر یاسا بنیات بندرێن.

**٣,٢ میکانزم و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج وکاری گەری لەسەر کەرتی گشتی و تایبەت.**

لەم تەوەرەیەدا باس لە میکانزمەکانی جێبەجێکردنی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ دەکەین. کە ئەو باجە بە چ میکانزمێک جێبەجێ دەکرێت، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو میکانزمە چ بەربەستێک دێتە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو میکانزمە.

**٣,٢,١ میکانزمی جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج:**

میکانزمی جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بە گوێرەی ڕێنمای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەکرێت. کە ئەو ڕێنمایە پشتی بەستووە بە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢. میکانزمی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ئەو باجە دەسەپێندرێت بەسەر ئەو داهاتانەی کە بەدەست دەهێندرێن لە ماوەی ساڵی داراییدا کە ئەو داهاتانەش دیاریکراون لە ڕێنمایەکەدا، کە هەموو ئەو داهاتە (مووچە و کرێ و دەرماڵەکان) دەگرێتەوە کە فەرمانبەرو کرێکارەکانی کەرتی تایبەت و گشتی و تێکەڵاو وەری دەگرن، لەبەرامبەر ئەو کارەی کە لەو کەرتانە دەیکەن.

**٣,٢,١,١ چۆنیەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج لە کرێ و مووچە و دەرماڵەکان.**

لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر دەرامەتی مووچە و کرێ و دەرماڵەکان یەکێکە لە کارامەترین ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی پابەندبوون بە باجەوە لە عێراق. ئامانجی ئەو ئامرازەش گرنتی کۆکردنەوەی باج دەکات لە سەرچاوەکەیەوە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات. کە چاوەڕوانی کۆتای هاتنی ساڵی دارایی بکرێت. چونکە ئەو باجە مانگانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەکەیەوە دەبڕدرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێکخستنێکی باش بۆ دەرامەتی گشتی بکات و بە ئاسانی چاودێری ئەو داهاتەش بکرێت.

**٣,٢,١,١,٢ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

٣,٢,١,١,٢,١ دیاریکردنی کۆیی دەرامەتی گشتی.

٣,٢,١,١,٢,٢ بەدەرکردنی داشکێندراوەکان و لێخۆشبوونە یاساییەکان.

٣,٢,١,١,٢,٣ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو داهاتەی کە باجی دەکەوێتە سەر.

٣,٢,١,١,٢,٤ جێبەجێکردنی باج بەسەر ئەو داهاتەی کە پابەند دەبێت بۆ باج.

**٣,٢,١,١,٣ پێوانەی باج ( دیاریکردنی نرخی باج) لەسەر مووچە و کرێ ودەرماڵەکان.**

یاسادانەری عێراقی لە یاسای باجی دەرامەتی هەموارکراوی بەرکاری ژمارە (١١٣) ساڵی١٩٨٢. بۆ دیاریکردنی پێوانەی باج (نرخی باج) کە بەسەر مووچە و کرێ و دەرماڵەکانی سەپاندووە. پەنای بردووە بۆ شێوازی (پلەبەندی چین چین). هەرکات داهات زیاد بوو نرخی باجەکەش لەگەڵی زیاد دەکات و هەرکاتێک داهاتەکان کەمی کرد نرخی باجەکەش لەگەڵی کەم دەکات. ئەمەشیان بەتایبەتی ئەوکاتە زۆر گونجاوە کاتێک کە دەرماڵەکان گۆرانکاریان بەسەر دادێ. سەرەتا باس لە دیاریکردنی پێوانەی باج دەکەین پێش دەرکەوتنی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی ٢٠٠٤، دووەم باس لە دیاریکردنی پێوانەی باج ( نرخی باج) دەکەین لە سەردەمی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی لە ٢٠٠٤ تاکو ٢٠٠٧، سێیەمیان باس لە دیاریکردنی (نرخی باج) دەین لە

ماوەی سالی ٢٠٠٨وە، لە کۆتایشدا ئەو جیاوازیە دەخەینەروو کە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە.

**٣,٢,١,١,٣,١ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج پێش دەرکەوتنی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی سالی ٢٠٠٤.**

یاسادانەری عێراقی لە یاسای باجی دەرامەت هەلستاوە بە دیاریکردنی پێوانەی باج ( نرخی باج) بەگوێرەی برگەی (١)ی ماددەی (١٣) ئەو یاسایە کە شێوازی دیاریکردنی نرخی باجی بە شێوەی (پلەبەندی چین چین) دیاریکردووە. بەلام لە دیاریکردنی نرخی باجدا جیاوازی کردووە لە نێوان ئەوکەسەی کە لە عێراق نیشتەجێیە و ئەو کەسەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین.

**٣,٢,١,١,٣,١,١ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج بۆ ئەو کەسانەی لە عێراق نیشتەجێن.**

یاسادانەری باجی عێراقی لە دیاریکردنی پێوانەی باج ( نرخی باج) ئەو کەسانە دوای دەرکردنی لێبوردنی یاسایی. ڕێژەی لێبڕینەکەی دیاریکردووە، بەلام جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن کە ئایە عێراقین یان عێراقی نین. لەسەرەتادا ڕێژەی لێبڕینی دیاریکردووە بۆ هەموو سالەکە لە کۆتایشدا ڕێژەی لێبڕینی دیاریکردووە بۆ هەموو مانگەکانی سالی دارایی. بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (١) ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆیە لە سەر بنەمای هەژماری سالانە.

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبڕین لەسەر بنەمای سالانە(نرخ) |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٥٠،٠٠٠ دینار | ٪١٠ |
| ٢ | زیاتر لە٢٥٠،٠٠٠ تاوەکو ١،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٢٠ |
| ٣ | زیاتر لە ١،٠٠٠،٠٠٠ تاوەکو ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٣٠ |
| ٤ | زیاتر لە ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٤٠ |

خشتەی ژمارە(٢) ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆیە لەسەر بنەمای مانگانە.

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبڕین لەسەر بنەمای مانگانە(نرخ) |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٠،٨٣٣ دینار | ٪١٠ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٠،٨٣٣ تاکو ٨٣،٣٣٣ دینار | ٪٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | زیاتر لە ٨٣،٣٣٣ تاكو ١٦٦،٦٦٦ دینار | ٣٠٪ |
| ٤ | زیاتر لە ١٦٦،٦٦٦ دینار | ٤٠٪ |

ئەو ڕێژانەی کە لە خشتەی ژمارە (١) و (٢) هاتوون ئەو ڕێژانە تەنیا بەسەر دەرامەتی مووچە و کرێ و دەرماڵەی ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرا کە لە کەرتی تایبەت کاریان دەکرد. بەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ نەدەکرا کە لە کەرتی گشتی یان تێکەڵا و دامودەزگاکانی دەوڵەت کاریان دەکرد، چونکە ئەوانە بە گوێرەی برگەی (٥) ی ماددەی (٢) و برگەی (٥) ماددەی (٧) یاسای باجی دەرامەت. ئەو کەسانە لێخۆشبوونیان بۆ دەرکرا بوو لێبڕینیان بۆ ئەنجام نەدەدرا، پێشتر ئەوەمان ڕونکردووەتەوە.

**٣,٢,١,١,٣,١,٢ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج بۆ ئەو کەسانەی لە عێراق نیشتەجێ نین.**

یاسادانەری باجی عێراقی چۆن باجی سەپاندووە بەسەر ئەوکەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن بە هەمان شێوەش لێبڕینی ڕاستەخۆی باجی سەپاندووە بەسەر ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین، بەڵام داهات لە عێراق بەدەست دێنن. دەقی لەسەر ئەوە داوە لە برگەی (١-ب)ی ماددەی (١٣) یاسای باجی دەرامەتی ساڵی ١٩٨٢. بەهەمان شێوە ڕێژەی لێبڕینی دیاری کردووە لەسەر بنەمای ساڵانە لەسەر بنەمای مانگانە لە خوارەوە بە خشتە ڕوونی دەکەینەوە:

خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج بۆ ئەو کەسانەی لە عێراق نیشتەجێ نین لەسەر بنەمای ساڵانە:

| **ژمارە** | **ڕێژەی داهات** | **ڕێژەی لێبڕین لەسەر بنەمای ساڵانە(نرخ)** |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٥٠،٠٠٠ دینار | ١٥٪ |
| ٢ | زیاتر لە٢٥٠،٠٠٠ تاوەکو ١،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٢٥٪ |
| ٣ | زیاتر لە ١،٠٠٠،٠٠٠ تاوەکو ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٣٥٪ |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | زیاتر لە ٢،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٤٥٪ |

خشتەی ژمارە (٤) ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ باج بۆ ئەو کەسانەی لە عێراق نیشتەجێ نین لەسەر بنەمای مانگانە:

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبڕین لەسەر بنەمای مانگانە(نرخ) |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٠،٨٣٣ دینار | ١٥٪ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٠،٨٣٣ تاکو ٨٣،٣٣٣ دینار | ٢٥٪ |
| ٣ | زیاتر لە ٨٣،٣٣٣ تاکو ١٦٦،٦٦٦ دینار | ٣٥٪ |
| ٤ | زیاتر لە ١٦٦،٦٦٦ دینار | ٤٥٪ |

ئەگەر سەیری ڕێژەی لێبڕینی هەریەک لە خشتەی ژمارە (٣) و (٤) بکەین بۆمان دەردەکەوێت لە ڕێژەی لێبڕینەکان زیاتر بوونە بە بەراورد بە خشتەی ژمارە (١) و (٢) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەک لە خشتەی ژمارە (٣) و(٤) تایبەتە بەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین. هەرکەسێکیش لە عێراق نیشتەجێ نەبوو لێبوردنی یاسای پێنادرێت، ئەمەش وادەکات کە یاسادانەر ڕێژەی لێبڕینەکانیان لە بۆ زیاتر بکاتن.

**٣،٢،١،١،٣،١،٣ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بۆ ئەو کرێکارەی کە عیراقی نین، بەلام لە عێراق نیشتەجێن و کاردەکەن لە کەرتی تایبەت.**

یاسادانەر لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) سالی ١٩٨٢، لە بڕگەی (٢) ماددەی (١٣) ئەو یاسایە هەلستاوە بە سەپاندنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بەسەر ئەو کرێکارانەی کە عێراقی نین و بەلام لە عێراق نیشتەجێن و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. لە خشتەی ژمارە (٥) ئەو لێبڕینە ڕون دەکەینەوە بەلام ئەوەی جێگای تێ بینیە یاسادانەر دیاری نەکردووە کە ئایە ئەو ڕێژەیە لەسەر بنەمای سالانەی یان لەسەر بنەمای مانگانەیە. بەلام بە تێگەیشتن لە ڕێژەی لێبڕینەکان بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر مەبەستی ڕێژەی مانگانە بووە نەک سالانە.

خشتەی ژمارە(٥) ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بۆ ئەو کرێکارەی کە عیراقی نین، بەلام لە عێراق نیشتەجێن و کاردەکەن لە کەرتی تایبەت.

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبڕین لەسەر بنەمای مانگانە(نرخ) |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٠،٠٠٠ دینار | ١٠٪ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٠،٠٠٠ تاوەکو ٤٠،٠٠٠٠ دینار | ١٥٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | زیاتر لە ٤٠،٠٠٠ تاوەکو ٧٠،٠٠٠ دینار | ٪٢٠ |
| ٤ | زیاتر لە ٧٠،٠٠٠ تاوەکو ١٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٢٥ |
| | زیاتر لە ١٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٣٠ |

[1]

**٣,٢,١,١,٣,٢ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لە کاتی دەرکەوتنی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی تاوکو کۆتای سالی٢٠٠٧.**

بەهۆی دەرکەوتنی گۆرانکاری لە لێخۆشبوونەکان و لێبوردنە یاساییەکان، سەرئەنجام بووە هۆی دەرکەوتنی گۆرانکاری گەورە لە ڕێژەی باجەکان (نرخی باج). کە گۆڕانکاریەکان بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی باج بۆ ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن و ئەوانەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین. هەمان نرخی باجیان بەسەر جێبەجێ بکرێت. بەلام ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین هیچ لێبوردنی یاسایی وەرناگرن. ئەگەر سەیر بکەین هەریەک ڕێنمای لێبڕینی

[1] ١-سەرەنجێک لەسەر ئەو (٥) خشتەیەی سەرەو و رونکردەوەیەکی یاساییانە لەسەریان خشتەی ژمارە (١) و (٢) بەکاردێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن بەلام تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە کەرت گشتی کاردەکەن، جونکە ئەو کەسانەی کە لە کەرتی گشتی کاردەکەن لێخۆشبونیان بۆ دەرکراوە و لێبرینیان بۆ ئەنجام نادرێت بە گوێرەی برگەی (٥) مادە دوو و برگەی (٥) مادەی حەوت کە پێشتر ئەو ئەوەمان روونکردۆتەوە.

٢-ئەگەر بروانینە خشتەی ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە عێراق نیشتەجێن بەلام عێراقی نین و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. کەچی یاسادانەر لە خشتەی ژمارە (١) و (٢) دەلێت ئەوکەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەوەیت کە ئایە ئەو کەسەی کە نیشتە جێیە لە عێراق ئایە عێراقیە یان عێراقی نیە.

٣- ئێمە دامان نا خشتەی ژمارە (١) و(٢) بۆ ئەو کەسانەیە کە لە عێراق نیشتەجێن عێراقین و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، وخشتەی ژمارە (٥) بۆ ئەو کەسانەیە کە لە عێراق نیشتەجێن بەلام عێراقی نینە ولە کەرتی تایبەت کاردەکەن. بەلام پرسیارەکە ئەوەیە ئایە خشتەی ژمارە (٣) و (٤) بۆ کام کەسە؟ جونکە خودی یاسا کەرتی گشتی و تێکەلاوی ڕێزپەرکردووە لە سەپاندنی لێبرینی ڕاستەوخۆی باج بەسەریاندا. کەواتە یەک چین دەمێنێتەوە ئەویس ئەو کەسانەن کە لە عێراق نیشتەجێ نین و کەرتی تایبەت کاردەکەن، بەلام ئەمەش گونجاو نیە کەسێک لە عێراق کاربکات و لە عێراق نیشتەجێ نەبێت. ئەگەر بلێن ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە کەرتی گشتی کاردەکەن و لە عێراق نیشتەجێ نین، خودی یاسا داهاتی کەرتی گشتی بە رەهای ڕێزپەرکردووە ولێخۆشبوونی بۆ دەرکردوون لەوەی باجیان لەسەر دابنێت. جیاوازی نەکردووە لە نێوان داهاتی ئەو کەسانەی کە لە کەرتی گشتی و تێکەلاو کاردەکەن کە ئایە ئەو کەسە نیشتەجێ عێراقە یان نا ئەسلەن ئەو قسەیە هەرگونجاویش نیە.

راستەوخۆ کە لە سالی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ دەرچوون، هەمووان هەمان ڕێژەی باجیان (نرخی باج) دەسەپاند، بەسەر باجدەراندا. بەلام ئەگەر سەیری ڕێژەی باجەکان بکەین بەر لە سالی ٢٠٠٤ ڕێژەکان هەم جیاوازیان دەکرد لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە عێراق نیشتەجێن و هەم ئەوانەی کە لە عێراق نیشتەجێ نین و لە لایەکی تریشەوە جیاوازی دەکرا لە نێوان کرێکارانی عێراقی و بیانی بەلام ئەگەر سەیری ڕێژەی باجەکان بکەین، لەدوای سالی ٢٠٠٤ وە ڕێژەکان و نرخی باج کەمتر کراونەتەوە بە بەراورد لەگەڵ سالانی ڕابردوو. وە لە لایەکی تریشەوە لە دوای سالی ٢٠٠٤. دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی بریارێکی دەرکرد. کە مووچە و کرێ و دەرمالەی کەرتی گشتی و تێکەلاو هاوشێوەی کەرتی تایبەت لێبرینی ڕاستەوخۆیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت. کە بەهەمان شێوە ڕێنمای لێبرینی ڕاستەوخۆی باجی ژمارە (١) سالی ٢٠٠٧ لە بەشی حەوتەمیدا دەقی لەسەر ئەو بابەتە داوە. کە ڕێژەی باج (نرخی باج) بۆ لێبرینی ڕاستەوخۆ دیاری کردووە هەم لەسەر بنەمای سالانە هەم لەسەر بنەمای مانگانە. کە هەولدەدەین ئەو ڕێژانە بە خشتە ڕوون بکەینەوە.

**خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای هەژماری سالانە:**

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆ (نرخی باج) |
|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٥٠،٠٠٠ دینار | ٪٣ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٥٠،٠٠٠ تاکو ٥٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٥ |
| ٣ | زیاتر لە ٥٠٠،٠٠٠ تاکو ١،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٪١٠ |
| ٤ | زیاتر لە ١،٠٠٠،٠٠٠ دینار | ٪١٥ |

**خشتەی ژمارە (٧) ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای هەژماری مانگانە:**

| ژمارە | ڕێژەی داهات | ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆ (نرخی باج) |
|---|---|---|
| ١ | تاکو ٢٠،٨٣٣ دینار | ٪٣ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٠،٨٣٣ تاکو ٤١،٦٦٧ دینار | ٪٥ |
| ٣ | زیاتر لە ٤١،٦٦٧ تاوەکو ٨٣،٣٣٣ دینار | ٪١٠ |
| ٤ | زیاتر لە ٨٣،٣٣٣ دینار | ٪١٥ |

**٣,٢,١,١,٣,٣ ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆی باج لە سالی ٢٠٠٨دا.**

هەر لە سەرەتای سالی ٢٠٠٨دا. یاسای بوجەی گشتی فیدرالی ژمارە (٢٠) بۆ سالی ٢٠٠٨ دەرچوو، کە ئەو یاساییە بووە هۆی دروست بوونی کۆمەلێک گۆرانکاری گەورە لە رێژەی باجی لێبرینی راستەوخۆ. کە ماددەی (٢٠) ئەو یاساییە ئاماژەی کرد بۆ زیادکردنی رێژەی ئەو داهاتانەی کە باجیان دەکەوێتە سەر بۆ زیادبوونێک بە رێژەی دوو هێندەی خۆیان، ئەمەشیان بۆی ئەوە دروست بوو کە یاسای بوجەی گشتی فیدرالی کۆمەلێک دەرماڵە و لێخۆشبوونی یاسای دایە فەرمانبەران کە وایکرد کە رێژەی داهاتەکانیان بە رێژەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوون بکاتن. بۆ روونکردنەوی زیادبوونی ئەو داهاتانە بۆ دوو ئەوەندەی خۆیان بە بەراورد بە رێنمای لێبرینی راستەوخۆی باجی ژمارە (١) سالی ٢٠٠٧ ، دەتوانین ئەو گۆرانکاریانە بە وردی بە خشتەیەک بخەینە روو:

خشتەی ژمارە (٨) رێژەی لێبرینی راستەوخۆی باجە بە گوێرەی یاسای بوجەی گشتی فیدرالی بەراورد بە وەی کە لە رێنمای لێبرینی راستەوخۆی باجی ژمارە (١) سالی ٢٠٠٧.

| ژمارە | رێژەی داهات کە باجی دەکەوتە سەر بەگوێرەی رێنمای ژمارە (١) سالی ٢٠٠٧ | رێژەی داهات کە باجی دەکەوتە سەر بەگوێرەی یاسای بوجەی گشتی فیدرالی سالی ٢٠٠٨ | رێژەی لێبرینی راستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەتا ٢٥٠،٠٠٠ دینار | هەتاکو ٥٠٠،٠٠٠ دینار | ٪٣ |
| ٢ | زیاتر لە ٢٥٠،٠٠٠ تاکو ٥٠٠،٠٠٠ دینار | زیاتر لە ٥٠٠،٠٠٠ تاکو ١،٠٠٠،٠٠ دینار | ٪٥ |
| ٣ | زیاتر لە ٥٠٠،٠٠٠ تاکو | زیاتر لە ١،٠٠٠،٠٠٠ تاکو | ٪١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ١،٠٠٠،٠٠٠ دينار | ٢،٠٠٠،٠٠٠ دينار | |
| ٤ | ياتر له ١،٠٠٠،٠٠٠ دينار | زياتر له ٢،٠٠٠،٠٠٠ دينار | ١٥٪ |

**٣,٢,١,١,٤ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج (نرخی باج) لە هەرێمی کوردستان–عێراق.**

لەم یەکەیەدا باس لە پێوانەی باج (نرخی باج) بۆ لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج دەکەین لە هەرێمی کوردستان بۆ هەریەک لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەلاو. شرۆڤەی ئەو یاسا و ڕێنمایانە دەکەین کە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات بۆ ئەو لێبڕینە، ئەو جیاوازیانە دەخەینەروو کە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت هەیە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالی لەرووی جێبەجێکردنی ئەو لێبڕینە، لە هەمان کاتدا ئەو جیاوازیەش دەخەینەروو کە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

**٣,٢,١,١,٤,١ ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان.**

وەک ئەوەی لە پێشتر رونمان کردەوە بە گوێرەی ماددەی (١٢١) دەستوری هەمیشەی عێراقی سالی ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان مافێکی دەستووری هەیە بۆ ئەوەی یاسای جێبەجێکاری دەربکات بۆ ئەو یاسایانەی کە لە حکومەتی فیدرالیەوە دەردەچن. بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی یاسای باجی دەرامەتی سالی ١٩٨٢ هەلستا بە دەرکردنی یاسای هەمواری جێبەجێکردن کە لە سالی ٢٠٠٧ دەرچوو و لە سالی ٢٠١١ دووبارە ئەو یاسا هەموارە جێبەجێکاریە هەموارکرایەوە. برگەی (چوار)ی ماددەی (٤)ی ئەو یاساییەیان هەموارکرد، بە گوێرەی هەموارەکە ( بە ڕێژەی ٥٪ باج بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هەرێمدا دەسەپێندرێت کە مووچەیان لە ملیۆنێک دینار بۆ تێکرایی پلەکانی فەرمانبەریەتی و کەرتی تایبەت زیاترە کە بە فەرمی تۆمارکراون وخاوەن پۆست و پلەی وەزیفی تایبەتن). کەواتە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە دیاریکردنی نخی باج شێوازی (نرخی جێگیری) دیاریکردووە، کە بۆ هەموو پلەیەک و دەرەجەیەکی وەزیفی یەک جۆر نرخی دیاریکردووە. کە نرخەکان ناگۆڕێن بە گۆرانی ڕێژەی داهاتی مووچە و کرێ و دەرمالەی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکاران. لەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە دیاریکردنی نرخی باج پێچەوانەی یاسادانەری حکومەتی فیدرالی نرخی باجی دیاریکردووە. چونکە ئەوەی حکومەتی فیدرالی نرخی باجی بە شێوازی (پلەبەندی چین چین) وەرگرتووە، کە نرخەکان دەگۆڕێن بە گۆرانی ڕێژەی داهاتی فەرمانبەران و کرێکارەکان.

هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بەسەر کەرتی گشتی و تایبەت بە گوێرەی برگەی (چوار)ی ماددەی (٤) یاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای باجی داهاتی هەمواری سالی ٢٠١١. ڕێژەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی بە ڕێژەی ٥٪ دیاریکردووە بۆ فەرمانبەران و کرێکارەکان بەو مەرجەی کە مووچەکەیان یان کرێکەیان لە یەک ملیۆن دینار زیاتربێت. بەلام حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی ئەو یاساییە جیاکاری کردووە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت. کە بۆ کەرتی گشتی مووچەی بنەرەتی هەژمارکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو لێبرینە بەسەریدا. بەلام بۆ کەرتی تایبەت مووجەی گشتی هەژمارکردووە. ئەگەر سەیری ماددەکە بکەین هیچ دەقێکی تیادانیە کە ئاماژە بەوە بکات کە بۆ کەرتی گشتی تەنیا مووچەی بنەرەتی هەژماربکرێت. بۆیە پێوسیتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لەسەر کەرتی گشتی مووچەی گشتی هەژماربکات نەک مووچەی بنەرەتی. بۆ ئەوەی جیاکاری نەکرێت لە نێوان کەرتەکانی دەولەت. وەهەروەها پێشمان وایە دیاریکردنی نرخی باج بە شێوەی (نرخی جێگیر) لە لایەن یاسادانەری هەرێمی کوردستان کارێکی دادپەروەری نیە وناگونجێت لەگەل بنەمای دادپەروەری باج. باشتر دەبوو هاوشێوەی یاسادانەری فیدرالی بە شێوەی نرخی پلە بە پلەبەندی هەژماربکردبا.

**٣,٢,١,١,٤,٢ ڕێژەی لێبرینی ڕاستەوخۆی باج بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێم.**

پالپشت بە حوکمەکانی برگەی (٤)ی ماددەی (٦١) یاسای باجی دەرامەت، ژمارە (١٣) سالی ١٩٨٢ی هەموارکراو و نوسراوی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (١٣٩٣) لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٢٦ پەیرەوی ژمارە(٢)ی سالی ٢٠١٧ دەرکرد. کە ئەو پەیرەوە تایبەت بوو بە لێبرینی ڕاستەوخۆ لەسەر دەرامەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت. کە لە برگەی (١)ی ماددەی(١) ئەو پەیرەوە دەقی داوە لەسەر ئەوەی کە ( باج دەسەپێندرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر دەرامەتی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە ماوەی سالی داراییدا). لە بەشی شەشەمی ئەو پەیرەوەدا کە تایبەتە بە پێوەری باج( مقياس الضريبة) لە ماددەی (٦) دەقی داوە دەلێت( باج دەسەپێندرێت لەسەر دەرامەتی کارمەند دوای لێشکاندن و لێبوردنی یاسایی و بەخشینەکان و ڕێزیەرەکان ئەوەی کە هاتووە لە ماددەی (٤) و (٥) ئەو ڕێنماییە بە گوێرەی هەژمارکردنی مانگانەی باج بە ڕێژەی (٥٪). بەلام ئەگەر سەیر بکەین خودی ئەو ماددەیە تەنیا ڕێژەی باجی دیاریکردووە کە ٥٪ بەبێ ئەوەی کە ڕێژەی داهات دیاری بکاتن، ڕێژەی ٥٪ بە شێوەی ڕەها هاتووە، بە تێگەیشتنی پێچەوانە و هەلهێنجان لە دەقەکە دەگەین بەوەی ئەو ڕێژە ٥٪ بۆ هەر داهاتێکە، جا ئاستی ئەو داهاتە هەر چەندێک بێت کە کرێکارانی کەرتی تایبەت وەری دەگرن.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەلام ئەگەر سەیری مالپەری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری فەرمانگەی باجی دەرامەت بکەین. هەر کات بەستەری ڕێنمای لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی دەرامەتی کەرتی تایبەت بکەین . هەر لەسەرەتاوە مەرجێکی داناوە دەلێت ( ئەو باجەیە، کە لە مووچەی کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەت وەردەگیرێت بە شێوەی مانگانە بە ڕێژەی ٥٪ بۆ ئەو کارمەندانەی مووچەکانیان لە سەروی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینارەوەیە). کەواتە بە تێگەیشتن لەو دەقە هەر فەرمانبەرێک مووچەکەی لە سەروی یەک ملیۆن دینار بێت جا فەرمانبەری کەرتی تایبەت بێت یان گشتی بری لێبڕینی ڕاستەوخۆی بە ٥٪ بۆ هەژماردەکرێت. بەلام ئەگەر سەیر بکەین جۆرە تێکەل بوونێک هەیە کە نێوان فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تایبەت، لە لایەکی تر ئەو ڕێنماییەی کە دەرچووە دژی بنەمای دادپەروەری باجە، دەبوایە ئەو ڕێژەی باجەی کە سەپێندراوە بە گوێرەی توانای دارایی کرێکاران بوایە. پێویست بوو ڕێژەکان بە پلەبەندی دیاری بکات. کرێکارێک کە یەک ملیۆن وەردەگرێت هەمان هەژماری کرێکارێکی بۆ کراوە کە سێ ملیۆن وەردەگرێت. پێویست بوو ئەو ڕێژەیەی کە دیاری کراوە بگۆڕدا بە گۆرانی ڕێژەی دەرامەتی کارمەندەکان. تاوەکو بتوانێت جۆرێک لە دادپەروەری باج بەدی بهێنێت. وە لە لایەکی ترەوە جیاکاریەکی یەکجار گەورە بوونی هەیە لە نێوان کارمەندانی کەرتی تایبەت لە بەغدا لەگەل ئەوانەی کە لە هەرێم کاردەکەن، لە بەغدا ڕێژەی لێبڕینەکان لە ٣٪ تاکو ١٥٪ دەست پێدەکەن کە دەگۆرێن بە گۆرانی ڕێژەی داهات کە جۆرێک لە دادپەروەری باجی تیایە کە بارگرانای باجی بە گوێرەی توانای دارایی باجدەران دیاری کردووە، بەلام لە هەرێم هەموو کارمەندانی بە یەک چاو سەیر کردووە. ئەگەر لە ڕوانگەی ماددەی (١٤) دەستوری کۆماری عێراقەوە سەیر بکەین دەلێت( عێراقیەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا) بەلا ئەگەر سەیر بکەین دوو عێراقی هەن یەکسان نین لە بەردەم یاسایەک کە ئەو یاسایە ڕێخستنی کردووە بۆ هەمان بارودۆخی ئەو کارمەندانە. پێشنیاری ئەوە دەکەم کە یاسایەکی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی ئەو لێبڕینە لە نێوان هەرێم و بەغدا دەربکرێت. کە ڕێژەکان یەکسانیان تیابێت جیاوازی نەکرێت لە نێوان فەرمانبەرو کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەت و لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئەمەشیان پالپشت دەکەم بە ماددەی (٢٨) دەستوور کە (ناکرێت باج و داهات بسەپێندرێن یان هەمواربکرێنەوە یان لێخۆشبوونیان لە بۆ بکرێت مەگەر بەیاسا نەبێت) و هەروها پالپشت بە ماددەی (١٤) دەستوور کە ( عێراقیەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا). تاوەکو ئەو مادە دەستوریە ڕەنگ بداتەوە لە نێو دەقە یاسایی و ڕێنماییەکان دەبێت یەکسانی بکرێت لە نێوان هەموو کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرتەکانی دەولەت لە نێوان هەرێم و بەغداشدا.

**٣,٢,١,٢ چۆنیەتی کۆکردنەوەی و گواستنەوەی دەرامەتی لێبڕدراو بۆ دەستەی باج.**

مەبەست لە کۆکردنەوەی باج کۆمەڵە ڕێوشوێنێکن کە مەبەستیان لێی گواستنەوەی ئەو بڕە لێبڕینەیە کە وەکو باج لە دەرامەتی مووچە و کرێ دەرماڵەکان کارمەندان و کرێکاران برداوە بۆ خەزێنەی گشتی دەوڵەت. ڕێگای کۆکردنەوەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج بەوە ناسراوە کە ڕاستەوخۆ ئەو لێبڕینە لە سەرچاوەکەیەوە دەبردرێت بەر لەوەی ئەو داهاتە بدرێت بە فەرمانبەرەکە یان بدرێت بە کرێکارەکەوە. **(مظهر عبد الهادي عباس، صبيحة برزان فرهود، ٢٠٢٢، ١٤١).** بەڵام ئەگەر باجدەرەکە کرێکاری کەرتی تایبەت بوو. ئەوا یاسا لەسەر خاوەنکارەکەی سەپاندووە کە وەک کەسی سێیەم بێتە ناو پەیوەندیە یاساییەکەوە. کە بەرپرسی کردووە لەوەی کە هەڵبستێت بە ئەنجامدانی لێبڕین و و کۆکردنەوەی ئەو بڕە لێبڕینە وپاشان بی گوازێتەوە بۆ دەستەی گشتی باج. وە پێویستە لە سەری مانگانە ئەو کارە دووبارە بکاتەو **(طلا عباس عزيز، فائزة ابراهيم محمود الغان، ٢٠٢٢، ٢٥٦).**

**٣٠٢٠٢ بەربەستەکانی بەردەم میکانزمی جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج و کاریگەری لەسەر کەرتی گشتی و تایبەت.**

**٣,٢,٢,١ بەربەستەکانی بەردەم کۆکردنەوەی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج.**

کۆکردنەوەی ئەو باجە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەو باجە لە دەرامەتی فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵاو دەبردرێت. زۆرجار بەربەست دێنە پێش ئەو لێبڕینە و کۆکردنەوەی ئەو داهاتە بۆ خەزێنەی گشتی دەوڵەت.

**٣,٢,٢,١,١ خۆدزینەوە لە باج.**

ئەو خۆدزینەوەیە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە بۆشای یاسایی  کە لە نێو یاسا و ڕێنمای باج بوونیان هەیە. مەبەست لە خۆ دزینەوە لە باج ئەوەیە ((ئەو کەسەی کە مەرجەکانی باجدەری تیایە هەوڵدەدات کە هەموو یان بەشیک لە باجەکە کەمتر بدات. یان ئەو قورساییەی سەر شانی ناگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر)) **( عباس مفرج الفحل، ٢٠١٦، ١٥٩)**. خۆ دزینەوە لە باج یەکێکە لە بەربەستە هەرە گەورەکانی بەردەم لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج. کە باجدەر پەنا دەبات بۆ فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندن و یان کەمکردنەوەی داهاتەکەی. **( سرى رباح عواد، بێ سال، ١٩٦).**

**٣,٢,٢,١,٢  بەکارنەهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری.**

کۆمپیتەر یان تەکنەلۆژیای سەردەم یەکێکە لە توخمە گرنگرکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، بەو پێیەی بەکارهێنانیان لە دامەزراوە حکومیەکان بە گشتی و لە دەستەی گشتی باجدا بە تایبەتی

هێشتان سنوورداره و ڕەنگدانەوەی ئەو ویستە نیە کە ئێمە دەمانەوێت کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەکاری بێنن، بەکارهێنانیان نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە سیستەمی باجدا لە سالانی نەوەدەکانەوە دەستی پێکردووە، بەلام ئەو بەکارهێنانە پەرەی پێنەدراوە بۆ ئەوەی جێگایەکی گرنگ بۆ سیستەمی باج بگرێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر سیستەمی هەژمارکردن و کۆکردنەوەی باج. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە لایەن دەستەی گشتی باج لەلایەن بەشێکی کەمی فەرمانبەرانی ئەو دامەزراوەیە بەکاردێت؛ چونکە زانیاری تەواویان نیە لەسەر بەکارهێنای ئەو تەکنەلۆژیایە، ئەگەر سەیری بەشی کۆمپانیاکانی دەستەی گشتی باج بکەین بەشێکیان ئەو تەکنەلۆژیایە بەکاردەهێنن. بەلام زوو نوێنەکردنەوەی داتاکانی ناو ئە تەکنەلۆژیاییە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە. هۆکاری کەمی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە سیستەمی باجدا دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک وەک کەمی زانیاری لە لایەن ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو دامەزراوەیە کاردەکەن، و زیادبوونی بارگرانای لەسەر دامەزراوەی باج. زۆری گۆڕانکاریکردن و فراوانبوونی بنکەکانی باج ( **سرى رباح عواد،بێ سال، ١٩٦**).

**٣,٢,٢,١,٣ زۆربوون و تێکگیرانی یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکان.**

یەکێکی تر لەو بەربەستانەی کە دێنە بەردەم لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج، کە ئەمڕۆ زۆر بە ڕوونی درکی پێدەکرێت بوونی چەندان یاساو ڕێنمای و بڕیارن. لەسەر لێبڕینی ڕاستەوخۆ دەرچوون. زۆری ئەو یاساو ڕێنمای و بڕیارە دەبێتە هۆی زۆربوونی تێکگیران و کەمی زانیاری لە لایەن دامەزراوەکانەوە. هەر لە سالی ١٩٨٢ تاوەکو سالی ٢٠٢١ ئەگەر سەیر بکەین چەندان یاسا و ڕێنمای و بڕیاری تایبەت بە لێبڕینە دەرچوون. کە هەریەکەیان دەبوویە هۆی گۆڕانکاریکردن لە نرخی باج و لێخۆشبوونەکان و ڕێژەکان. بە تایبەتی ئەو هەموو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران کە لە دوای سالی ٢٠١٦ دەرچوون. پشێویەکی گەورەی نایەوە. تەنیا لە سالی ٢٠١٦ چەندین بڕیاری دەرکرد کە بڕیارەکان هەمووی دژی یەکتری بوون. جگە لەمەش تەداخولکردنی یاساکانی تر وەک یاسای بووجەی فیدڕالی. ئەمەشیان بەربەستێکی ترە. بۆنمونە( زیادکردنی لێبووردنی یاسای بۆ دووهێندەکردنی خۆی، هەلوشاندنەوەی لێبڕین بە نزبەت حشدی شعبی). یان ڕێنمای وەزارەتی دارایی کە تیادا ئەو لێبڕینەی تەنیا لەسەر مووچەی بنەڕەتی بۆ حشدی شعبی کردووە، کە دەبوایە لەسەر مووچەی گشتی بکردبا ، کە هەموو مووچە و دەرمالەکان و لێبوردنە یاساییەکانی بگرتایەوە ( **حلمي حمزة عباس الاسدي، ٢٠١٨، ١٦-١٧**).

**٣,٢,٢,١,٤ کەمی لایەنی چاودێری ( سستی و بێتوانای).**

کەمی چاودێری یان سستی و بێتوانای لایەنی چاودێر لەسەر ئەو بابەتە. بووەتە دروستکردنی بەربەستێکی تر لە سەر لێبڕینی ڕاستەوخۆ( **حلمي حمزة عباس الاسدي، ٢٠١٨، ١٧)**.

**دەرئەنجام**

لە میانەی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەو دەرئەنجامانەی لایخوارەوە:

١_ گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە جیاکاری نایاسایی و نادادپەروەری لە چوارچێوەی یاسای لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر (مووچە و کرێ و دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی وە تایبەت، کاریگەری نەرێنی و خراپی کردووەتە سەر سیستەمی باج، ومتمانەی هاولاتیان بە باج و کەمبوونەوەی داهاتی دەولەت لەو باجە.

٢- جێبەجێ نەکردنی دەقە یاساییەکان و زۆری بڕیارە سیاسیەکان و لێخۆشبوونە نایاساییەکانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کەرت گشتی بە تەنیا هەر لە سالی ٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠١٦، ڕێگرێکی بەردەوام بووە لە بوونی دادپەروەری لە نێوان کەرت گشتی و کەرتی تایبەت لە عێراق. دەرکردنی ئەو هەموو لێخۆشبوونە نایاساییانە بە تەنیا بۆ کەرتی گشتی بەبێ کەرتی تایبەت وایکرد کە جیاکاریەکی روون دەربکەوێت لە جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لەسەر کەرتی گشتی و تایبەت، بووە هۆی ئەوەی کە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باج لەسەر مووچەی گشتی کارماندان و کرێکارانی کەرتی تایبەت بکرێت لە کاتێکدا بەهۆی لێخۆشبوونەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئەو لێبڕینە تەنیا لەسەر مووجەی بنەرەتی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ئەنجام بدرێت بگرە لە هێندێک دامو ودەزگاکانی دەولەت ئەو لێبڕینە هەرئەنجام نەدەدرا.

٣- جیاکاری لە لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر ( مووچە و کرێ و دەرماڵە) لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بوونی هەیە لەنیوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤_ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی لێبڕینی ڕاستەوخۆی باجی سەر ( مووجە و کرێ و دەرماڵە)ی فەرمانبەران و کرێکاران جیاوازی کردووە لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. بۆ ئەنجامدانی ئەو لێبرینە لەسەر کەرتی تایبەت مووچەی گشتی هەژمارکردووە، بەلام بۆ ئەنجامدانی لێبرین لەسەر کەرتی گشتی تەنیا مووچەی بنەرەتی هەژمارکردووە. لەکاتێکدا کە یاساکە هیچ دەقێکی تیادانیە کە رێگە بەوە بدات کە حکومەت ئەو لێبرینە تەنیا لەسەر مووچەی بنەرەتی کەرتی گشتی ئەنجام بدات. بەگوێرەی یاسای باجی دەرامەتی سالی ١٩٨٢ دەبێت ئەو لێبرینە لەسەر مووجەی گشتی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی گشتی و تایبەت بکرێت.

٥_ ئەو جیاکاریەی کە لە لێبرینی راستەوخۆی باجی سەر ( مووچە و کرێ و دەرماڵە) هەیە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری باجە و پێچەوانەی بنەمای

يەكسانی دەستووریە كە دەستووری هەمیشەی عێراق بۆ سالی ٢٠٠٥ بە گوێرەی مادەی (١٤) دەستوور، هەموو عێراقیەكان یەكسانن لەبەردەم یاسادا. بەلام بە روونی جیاكاری كراوە لەنیوان عێراقیەكان لە نێوان كەرت گشتی و تایبەت لە عێراق و هەرێمی كوردستان.

٦_ دیاریكردنی رێژەی باج و نرخی باج بە (نرخی جێگیر) لە لایەن یاسادانەری هەرێمی كوردستان پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری باج و یەكسانی بەردەم باجە، چونكە بە گوێرەی بنەمای دادپەروەری باج دەبێت باجدەر ئەو باجەی دەدات بەگوێرەی توانای دارای باجدەربێت بەلام دیاریكردنی ئەو نرخە بە شێوەی نرخی جێگیر بە رێژەی ٥٪ هەموو چین و توێژ و پلەیەک ناگونجێت لەگەل ئەو بنەمایەدا.

**راسپاردە و پێشنیارەكان.**

بە پێویستی دەزانین كە حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمی كوردستان سیستەمێكی یەكگرتوو بۆ لێبرینی راستەوخۆی باجی سەر ( مووچە و كرێ و دەرمالە)ی فەرمانبەران و كارمەندان و كرێكارانی كەرتی گشتی و تایبەت دابنێت. لە رێگای دەركردنی یاساییەكی یەكگرتوو لە نێوان ئەو دوو حكومەتە كە گەرانەوەبێت بۆ بنەمای دادپەرەری باج و بنەمای یەكسانی عێراقیەكان لە بەردەم یاسادا.

جێبەجێكردنی نرخی باج لەسەر بنەمای پێوانەی باجی ( پلەبەندی چین چین) لە لایەن یاسادانەری هەرێمی كوردستان لە شوێن پێوانەی ( نرخی جێگیر)، تاوەكو بتوانێت لە گەل بنەمای دادپەروەری بگونجێت كە باج بسەپیندرێت بە گوێرەی توانای دارایی باجدەران.

## لیستی سەرچاوەكان


یەكەم: یاساكان

١_ یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی سالی ١٩٨٢.

٢- ژمارە (٢) ی سالی ٢٠١٧ی لێبرینی راستەوخۆی كارمەندانی كەرتی تایبەت.

٣- رێنمای لێبرینی راستەوخۆی باج ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٧

٤- یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت كەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠٠٨.

٥- دەستوری هەمیشەی كۆماری عێراق سالی ٢٠٠٥.

٦- یاسای ژمارە (٢٠)ی سالی ٢٠١١یاسای یەكەمی هەمواركراوی جێبەجێكردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (٢٦)ی سالی ٢٠٠٧.

٧- یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (٢٦٩ سالی ٢٠٠٧.

٨- نوسراوی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە/ ق/ ٧٧٤٩/٢١/٢/٢/ کە لە (١٣) مانگی چواری ٢٠٠٨ دەرچووە.
٩- نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (١٥٦) کە لە بەرواری ٢٠١٦/٠٦/٠٧ دەرچووە.
١٠- نوسراوی سکرتێریاتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران کە بە ژمارە (١٤٧٨) لە بەرواری ٢٠١٦/١٠/٢٣ دەرچووە.
١١- نوسراوی وەزارەتی دارایی بە ژمارە (٨٨٠) دەرچووە.
١٢- نوسراوی وەزارەتی دارایی بە ژمارە (٤٦٢٥) دەرچووە.
١٣- فەرمانی ژمارە (٤٩) سالی ٢٠٠٤ ی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی.

دووەم: پەرتووکەکان و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

١_احمد الشامية. ٢٠٠٣. *اساس المالية العامة*. عمان: دار زهران للنشر والتوزيع.
٢- حيدر وهاب عبود. ٢٠٢١. "الضريبة على راتب الموظف بين الاستقطاع والاعفاء." *شبكة الاقتصاديين العراقيين* ١-٧.
٣- خالد خضر الخير. ٢٠١٤. *قانون الضرائب والإعفاء منها*. لبنان: المؤسسة الحديثة للكتاب.
٤- زينة فاضل صبري. ٢٠١٨. "اثر استخدام الاجراءات التحليلية في تعزيز ثقة و مصداقية القوائم المالية المقدمة للإدارة الضريبية." *المعهد العالي للدراسات المالية و المحاسبية تخصص زرائب* ٣٨٤.
٥- شرين عبدالرؤوف قطيش هاشم، عبدالرؤوف علي قطيش. ٢٠١٥. *الرواتب والاجور في اطار قانون ضريبة الدخل وقانون الضمان الاجتماعي*. بيروت-لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.
٦- طاهر الجنابي. ٢٠٢٠. *زانستی دارای گشتی و یاسای دارای*. سۆران: کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ.
٧- طاهر الجنابي. بێ سالی چاپن. *علم المالية العامة* . جامعة الموصل: جامعة الموصل.
٨- طلال عباس عزيز، فائزة ابراهيم محمود الغبان. ٢٠٢٢. "تقوم اجراءات ضريبة الاستقطاع المباشر كأداة لزيادة الحصيلة الضريبية ." *مجلة دراسات محاسبية و مالية. المجلد ١٧ العدد ٦٠ لسنة ٢٠٢٢* ٢٦٤.
٩- عادل أحمد حشيش. ١٩٨٣. "اقتصاديات المالية العامة." *مؤسسة الثقافة الجامعة الاسكندرية* ١٦١.

١٠- عباس مفرج الفحل. ٢٠١٦. *الضريبة على الرواتب والأجور والمخصصات*. بيروت- لبنان: منشورات زين الحقوقية.

١١- عبدالحسين سعد. ١٩٧٨. *الوسيط في الضرائب والرسوم اللبنانية*. بيروت-لبنان، القاهرة- المصر: دارالكتاب اللبناني، بيروت، دار الكتاب المصري، القاهرة.

١٢- عبدالحسين سعيد. ١٩٧٨. *الوجيز في الضرائب الرسوم اللبنانية*. بيروت-لبنان، القاهرة في مصر: دار الكتاب اللبناني بيروت، دار الكتاب المصري القاهرة.

١٣- عمار غازي ابرهيم ، قصي جدعان مهدي التميمي. ٢٠١٨. "سبل تفعيل التكامل في نظم الرقابة لتحقيق العدالن الضريبية ( ضريبة الاستقطاع المباشر) دراسة تحليلية للبيانات المالية في بحث دوائر الدولة الممولن مركزيا." *مجلة الإدارة والاقتصاد، السنة الحادين والاربعون- العدد مئة و ستة عشر*|٢٠١٨ ٢٧٠.

١٤- مظهر الهادي عباس ، صبيحة برزان فرهود. ٢٠٢٢. "قياس الفجوة الضريبة الناتجة ءن ضريبة الاستقطاع المباشر وانعكاسها على الهدف المالي للضريبة( البحث تطبيقي في المديرية العامة لتربية ديالي)." *مجلة دراسات محاسبية و مالية* ١٤٠.

١٥- نور عبد الناصر والشريف. ٢٠٠٢. *الضرائب ومحاسبتها*. عمان: دار الميسرة للنشر.

Servicing list
Yes, Yasakan
_1Yasay Baghi Drama (113), Sally 1982.
-2Film (2) and Sally, 2017.
-3Rinmay Lipini Kasti and Khachi Bag Jamara (1) Sally 2007
-4How to change your country's money (22) 2008.
-5The Constitution of Hamishiya, Iraq, Saleh, 2005.
-6This is a dramatic story (20) in Sally, 2011. This story is about how many stories are written in your pocket. This is a dramatic story (26), in Sally, 2007 .
-7Yasay Baji Drama (269 Sally 2007.
-8Nosrawi, Emindari, Gashti, Nojoom, and Minister of Foreign Affairs/Q/7749/21/2/KL (13), Public Address, 2008, December.
-9Nosrawi, Nojoom, and Minister of Foreign Affairs (156) in Arabic, 06/07/2016, December.
-10Nosrawi, Secretary of the Ministry of Foreign Affairs, Minister of Foreign Affairs of the Republic of Iran. Jumar (1478) by Barwari 10/23/2016 today.
-11Nosrawi, Ministry of Foreign Affairs (880.(

-12Nosrawi, Ministry of Foreign Affairs (4625.(
-13Firman Law (49) Saleh 2004 and Scientific Diagnostics of the World.
Do you know that you have a master's degree or a doctorate?
_1Ahmed Al-Shamiya. 2003. The basis of public finance. Amman: Zahran Publishing House And distribution.
-2Haider Wahab Aboud. 2021. "Tax on Employee Salary: Between Deduction and Exemption." Iraqi Economists Network 1-7.
-3Khaled Khader Al-Khair. 2014. Tax Law and Exemption Therefrom. Lebanon: Modern Book Foundation.
-4Zeina Fadel Sabri. 2018. "The Impact of Using Analytical Procedures on Enhancing the Confidence and Credibility of Financial Statements Submitted to the Tax Administration." Higher Institute for Financial and Accounting Studies, Zaraib 384 Specialization.
-5Shereen Abdul Raouf Qutaish Hashem, Abdul Raouf Ali Qutaish. 2015. Salaries and Wages within the Framework of the Income Tax Law and the Social Security Law. Beirut, Lebanon: Al-Halabi Legal Publications.
-6Taher Al-Janabi. 2020. Zansti Dara'i Gashti and Yasa'i Dara'i. Soran: How much is the language of Hamdi Khan?
-7Taher Al-Janabi. Please ask Chapun. Science of public finance. University of Mosul: University of Mosul.
-8Talal Abbas Aziz, Fayza Ibrahim Mahmoud Al-Ghaban. 2022. “Direct withholding tax procedures are used as a tool to increase tax revenues.” Journal of accounting and financial studies. Volume 17, Issue 60, 2022 264.
-9Adel Ahmed Hashish. 1983. “Economics of Public Finance.” Alexandria University Culture Foundation 161.
-10Abbas Mufarrej Al-Fahal. 2016. Tax on salaries, wages and allowances. Beirut-Lebanon: Zain Legal Publications.
-11Abdul Hussein Saad. 1978. The mediator On Lebanese Taxes and Fees. Beirut, Lebanon; Cairo, Egypt: Lebanese Book House, Beirut; Egyptian Book House, Cairo.

-12Abdul-Hussein Saeed. 1978. A Concise Guide to Lebanese Taxes and Fees. Beirut, Lebanon; Cairo, Egypt: Lebanese Book House, Beirut; Egyptian Book House, Cairo.

-13Ammar Ghazi Ibrahim, Qusay Jad'an Mahdi Al-Tamimi. 2018. "Ways to Activate Integration in Control Systems to Achieve Tax Justice (Direct Withholding Tax): An Analytical Study of Financial Data in

Research of Centrally Funded Government Departments." Journal of Administration and Economics, 41st Year, Issue 116, 2018, p. 270.

-14Mazhar Al-Hadi Abbas, Sabiha Barzan Farhoud. 2022. "Measuring the Tax Gap Resulting from Direct Withholding Tax and Its Impact on The Financial Objective of Taxation (An Applied Study in the General Directorate of Education in Diyala). Journal of Accounting and Financial Studies, p. 140.

-15Nour Abdel Nasser and Al-Sharif. 2002. Taxes and Their Accounting. Amman: Dar Al-Maysara Publishing.